دێمۆکراسی بۆ ئێـــران          خودموختاری بۆ کوردستـــان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران | ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٢ | ٢١ی نوامبری ٢٠٠٣ | ژمارە ٣٧٧ | ١٥٠ تمەن



## بە بۆنـەی جێـــژنی رەمـــەزانەوە

ژمارەی ئەمجارەی "کوردستان" لە بەرەبەری جێژنی پیرۆزی رەمەزاندا دەردەچێ. بەم بۆنەیـەوە، هەر لە ئێستاوە پیرۆزبایی لە هەموو موسوڵمانانی کوردستان، ئێران‌و جیهـان دەکـەین‌و جێـژنێکی خۆشیان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

هیوادارین ئەم جێژنـەش وەك هـەموو جێـژن‌و بۆنـە ئـایینی‌و نەتەوەیی‌یـەکانی دانیشـتووانی کوردستان، ببێتەوە بە دەرفەتێك بۆ لێك نزیك بوونەوەی هەرچی پتری ڕیزەکانی خەڵك‌و بەهێز بوونی تـەبایی، برایـی‌و گیـانی وێـك هـەڵکردن‌و هاوکـاری لـەنێوان پـەیرەوانی بیروبـاوەڕو ئایینـە جۆراوجۆرەکاندا.

## دامەزرانی حیزبێکی تازە بۆ کوردستانی ئێران

لەم ڕۆژانەدا لە ڕێگای چەند بڵاوکراوەیەکـەوەو لـە هێنـدێ دەزگای ڕاگەیاندندا هەواڵی دامەزرانی حیزبێکی تـازە لـە ژێـر ناوی "پارتی ژیانی ئازادی کوردستان" بـۆ کوردسـتانی ئێـران بڵاو بۆوە.

دامەزرانی هەر حیزب‌و ڕێکخراوێـك بـۆ هـەموو ئەوانـەی باوەڕیان بە دێموکراسی‌و فرەحیزبـی هەیـە، شـتێکی ئاسـایی‌و تەنانەت جێگای پێشوازی لێکردنە، بەڵام ئەوە کە حیزبێـك یـا ڕێکخراوێـك لـە دەرەوەڕا و بـۆ هێنـدێ مەبەسـتی تایبـەتیی بەرتەسك ئەویش نە بۆ قازانج‌و بەرژەوەندی کـورد، بـەڵکوو لـە درێـژەی دەخالـەت‌و دەسـتێوەردانی لایـەنێکی دەرەکـی لـە کاروباری پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا دامـەزرابێ، ناتوانـێ جێگای گومان‌و پرسیار نەبێ.

هەم لە ڕاگەیەنـدراوی دامـەزرانی ئـەو حیزبـەداو هـەم لـە هێندێ نیشانەی دیکـەڕا دەردەکـەوێ کـە ئـەم حیزبـە دەست سازی P.K.K ی (پێشوو)یەو نوسخەیەکە لە سیاسەتەکانی ئـەو ڕێکخراوەیە کە ماوە بە ماوەو لـە ژێـر نـاوی جۆراوجـۆردا بـۆ کوردسـتانی ئێرانـی دەنووسـێ. ئێمـە بمانهـەوێ‌و نەمانهـەوێ کوردستان بەش بەش کـراوەو کوردەکـانی هـەر پارچـەیەك لـە کوردسـتان لـە خـەبات بـۆ گەیشـتن بـە مافـە نەتەوایـەتی‌و ئازادی‌یـەکانی خۆیـان بەرپرسـیارن‌و هەلومـەرجی خـەبات‌و وەزعـی نێوخـۆیی هـەرکام لـەو وڵاتانـەش کـە بەشـێك لـە کوردسـتانیان لـە خـۆ گرتـوە لەگـەڵ یـەکتر جیـاوازە. بۆیـە حیزبێکی دەسکردی لەو بابەتە تـەنیا دەتوانـێ کـە ماوەیـەکی کورت درێژە بە تەمەنی خۆی بداو ژمارەیەکی کەم لە کەسـانی ناشارەزا بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـێ، بـەڵام هـەرگیز ناتوانـێ بـۆ درێژخایەن بمێنێتەوەو خەڵکێکی بەرچاو لـە دەوری خـۆی کـۆی بکاتەوە. گومان لەوەدا نیە کە کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان بە گشتی‌و لاوان‌و ڕووناکبیران بە تایبەتی بە چاوێکی ئاواڵـەوە دەڕواننـە چـۆنیەتی پێکهـاتن‌و مەبەسـت لـە دروسـتکردنی حیزبێکـی لـەو بابەتـەو لـەم بـارەوە ڕوانگـەو هەڵسـەنگاندن‌و هەڵوێستی خۆیان دەبێ.

## پشتگیریی لۆرد ئێڤیبری لە داوای سکرتێری گشتیی حیزب‌و هەوڵدانی بە مەبەستی ڕوونبوونەوەی چارەنووسی ٦ تێکۆشەری حیزبی دێمۆکرات



بـە دوای بڵاوبوونـەوەی نامـەی هـاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سکرتێری گشـتیی حیـزب بـۆ بـەڕێز کـوفی عـەنان سـکرتێری گشـتیی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان کـە لـەودا داوای لێ کردبـوو هەموو نفووزو توانای خۆی بـۆ ڕوونبوونـەوەی چارەنووسی ٦ تێکۆشەری حیزبـی دێمـۆکرات، بـەکار بێنـێ، چـەندین ڕێکخـراوو کۆمەڵـەی سیاسـی‌و خێرخـوازی کـورد، سـەدان کـوردو ئێرانیی ئازادیخوازو مرۆڤدۆست لە کوردستان‌و وڵاتـە جۆراوجۆرەکـانی جیهـان، بـەناردنی ئیمەیل‌و نامـەو ڕاگەیـەندراو، پشـتیوانیی خۆیان لەو داوایە ڕاگەیاندوە.

ژمارەیـەك کەسـایەتیی سیاسـیی بەناوبانگی جیهانیش بۆ وێنە لۆرد ئێڤیـبری لە ئینگلیستان، هـەروەها سـەناتۆر ئانـدرۆ بارتلتی سەرۆکی دێمۆکراتەکان‌و کـیڤین ڕوود ئەنـدامی پارلـمـانی فیـدراڵی ئوسـترالیا، داوایـان کـردوە کۆمـاری ئیسـلامی چارەنووسـی ئـەو ٦ تێکۆشـەرەی حیزبـی دێمۆکرات کـە ٧ سـاڵ لەمەوبـەر "بزووتنـەوەی ئیسلامیی کوردسـتان" تـەحویلی ئـەو ڕێژیمەی دانەوە، ڕوون بکاتەوە.

دەقی نامەی لۆرد ئێڤیبری‌و ڕاپۆرتی دیداری هەیئەتی حیزب لەگەڵ سەناتۆر ئاندرۆ بـارتلتی‌و کیڤین ڕۆد لەم ژمارەیـە "کوردسـتان"دان. نـاوی ئەو ڕێکخراوو کۆمەڵەو کەسایەتی‌یە بەڕێزانـەش کە پشتیوانیی خۆیان لە داوای سکرتێری گشتیی حیـزب ڕاگەیانـدوە، لـە سـایتی "کوردسـتان میدیا"دا خراوەتە بەرچاوی بنیەران‌و ئۆگران.

## درێژەی ناکۆکیی ئورووپاو ئەمریکا لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی



ڕۆژی دووشـــەمە ٢٦ی خەزەڵوەر، خاویـەر سـۆلانا لـە بروکسـێل بـەر لـەوەی چاوی بە حەسەنی ڕووحـانی دەبیری شووڕای ئەمنییـەتی میللیـی ئێـران بکـەوێ، ڕای‌گەیاند: ئێران لە بـارەی بەرنامـە ئەتۆمی‌یـەکانی خـۆی راسـتگۆیانە جووڵاوەتـەوەو نابـێ پەروەندەکـەی لـە کۆبوونـەوەی حـەوتووی داهـاتووی دەسـتەی بەڕێوەبـەری ئاژانسـی نێونەتـەوەیی وزەی ئـەتۆمی‌دا، ڕەوانـەی ئەنجومەنی ئاسایش بکـرێ. ئـەو قسـەیەی سـەرۆکی سیاسـەتی دەرەوەی یەکیـەتیی ئورووپـا لەگـەڵ هەڵوێسـتی ئـەمریکا لـەبارەی ڕێـژیمی ئێـران بە تـەواوی ناتەبایـە. چـونکە ئـەمریکا داواکـارە ئاژانسی ناوبراو ڕابگەیەنێ کە کۆماری ئیسـلامی پەسـندکراو و ڕێوشـوێنەکانی NPTی بەڕێوەنـەبردوە، هەربۆیـە پەروەندەکـەی دەبـێ بـۆ ئەنجومـەنی ئاسایش بنێـردرێ. سـۆلانا هـەروەها گوتی ئێسـتا لەسـەر تارانـە کـە ڕێککەوتنـەکانی مانگی ڕابردووی خـۆی لەگـەڵ وەزیرانـی دەرەوەی یەکیـەتیی ئورووپـا لـەبارەی دەست هەڵگرتن لە چڕکردنی ئۆرانیوم‌و کردنەوەی دەرگـای دامەزراوە ئەتۆمی‌یەکانی بە ڕووی پشـکنینی لـە پـڕو بێ‌وەختـی لێکۆڵـەرانی ئـاژانس‌دا، جێ‌بـەجێ بکا. دەبێ ببینین کە ئێران ئەم ڕێگایە هـەتا سـەر دەبڕێ یـا نـا؟ بـەڵام وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا، ئاکـام وەرگرتنـی سـەرۆکی سیاسـەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا لەبارەی ڕاستگۆبوونی کۆمـاری ئیسـلامی ڕەتکـردەوەو گـوتی: ئـەو زانیاری‌یـە زۆرانەی کاربەدەستانی ئێران داویانە، ڕاستیی ئـەو بۆچوونە لەمێژینەیەی ئەمریکا دەسەلمێنن کە پێـی وابووە بەرنامە ئەتۆمی‌یە بەرینـەکانی حکوومـەتی ئێـران ئامـانجێکی بـەولاوەتر لـە بەرهـەمهێنانی بەرقیان هەیەو ئەو ڕێژیمە دەیەوێ چـەکی ئـەتۆمی بەرهەم بێنێ.

## چەند حیزبی بەناوبانگی سوئێد لە داوانامەیەکدا:

## داوا دەکەین پارلمانی سوئێد پشتیوانی لە خەباتی کوردەکانی ئێران بکا

حیزبـی ژینگـە، حیزبـی گـەل‌و حیزبـی دێمۆکرات مەسـیحیی سـوئێد، لـە هـەنگاوێکی هاوبەش‌و بـە دوای هێنانـە بەرباسـی مەسـەلەی کوردو خەباتی کوردەکانی ئێران لـە کۆبوونـەوەی هاوبەشی خۆیاندا، داوایان لە پارلمانی ئەو وڵاتـە کـردوە لـە خـەباتی کوردەکـانی ئێـران بـۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان پشـتیوانی بکـا. دەقی پێشنیاری هاوبەشی ئـەو حیزبانـە کـە لـە پێشـەکی‌یەك‌و ئاوڕدانەوەیـەك لـە هەلومـەرجی گشتیی کوردستانی ئێران‌و چوار داوا پێك هاتوە، لە لاپەڕە ٩ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.

### پـەرەستوو فـرووهـەر:

## دەزگـای قـەزایی نـایـەوێ ئەمـردەران‌و هاندەرانی قـەتڵـە زنجیـرەیـی‌یـەکان بنـاسێنـێ



پەرەسـتوو فرووهـەر کچـی شـەهیدان داریـووش‌و پەروانـەی فرووهـەر کـە بـۆ بەڕێوەبردنی ڕێـورەسمی پێـنج ساڵەی تـیرۆری دایك‌و بابی چووبۆوە ئێران لە وتووێژێك لەگـەڵ ڕادیۆ فەردادا گوتی: "دەزگای قـەزایی کۆمـاری ئیسلامی نایەوێ بەو پەروەندەیە ڕابگـا، بـەڵکوو هـەوڵ دەدا ئـەمردەران‌و هانـدەرانی قەتڵـە زنجیرەیی‌یە سیاسی‌یەکان بشارێتەوە". پەرەسـتوو هەروەها گوتی: "دادستێنی تاران نـەك هـەر لـە سـکاڵای کەسـوکاری قوربانی‌یـەکانی قەتڵـە سیاسـی‌یەکان لـەبارەی ئاخونـد قوربانعـەلیی دوڕیـی نەجـەف ئابـادی (وەزیـری ئیتلاعـاتی ئەوکات‌و لە تاوانبارانی قەتڵە زنجیرەیی‌یـەکان)ی نەکۆڵیوەتەوە، هەر لـە جـێدا وڵامێکیشـی بـەو سکاڵایە نەداوەتـەوە. لەمانـەش گـرنگتر ئەوەیـە کـە کۆمیسـیۆنی ئەسـڵی ٩٠ی مـەجلیس کـە بەرپرسـی ڕاگەیشـتن بـە سـکاڵاکانی خـەڵك لـە دەزگـای قەزایی‌یـە، ڕای‌گەیانـدوە کـە لێکۆڵینـەوەکانیان گەیشـتۆتە جێگایـەك کـە ناتوانن لەوێوە هەورازتر بچن.

## ئەگەری ڕاکردنی سەرۆکی بەرهەمهێنانی مووشەکە مەودا دوورەکانی عێراق بۆ ئێران

هەواڵدەریی ئاسوشـیتێدپرێس لـە ڕاپۆرتێـکدا ڕای‌گەیانـد کـە سـەرۆکی بەرهـەمهێنانی مووشـەکە مـەودادوورەکانی ڕێـژیمی پێشووی عێراق بۆ ئێران ڕای‌کردوە. "مـاذر صـادق صـباالتمیمی" یەکێك لە پسپۆرە بەوەجەکانی عێـراق بـۆ بەرهـەمهێنانی چـەکی نیزامی بوو کـە لـە مـاوەی ٨ مـانگی ڕابـردوودا، بێکـار بـوون. کاربەدەستانی ئامریکایی دەڵێن بە سـەرنجدان بـەوە کـە پسـپۆڕیی ئەو جۆرە کەسانە بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستی‌و توندرەوەکان بە نرخـە، زۆر لەوان لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە پشتیوانیی لەو جـۆرە کردەوانـە دەکەن، پـەنا دراون. لێکۆڵـەران‌و پشـکنەرانی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان کە حەوتوویەك بەر لە هێرشی هاوپـەیمانان بـۆ سـەر ڕێژیمی عێراق، لە بەغدا چاویان بە "ماذر صـادق" کـەوتبوو، لـەو بڕوایـە دان کـە نـاوبراو بـە پێیـان‌و لانی‌کـەم دوومـانگ پـاش داگیرکردنی بەغدا لەلایەن هاوپەیمانانەوە، سـنووری بڕیـوەو چـۆتە ئێران. ئاسوشیتێد لە ڕاپۆرتەکەی‌دا نووسیویە: هـەوڵ‌و تێکۆشـانی ناوبراو لـە ئێـراندا، بـە شـێوەیەکی شـاراوە ماوەتـەوەو جێگـای گومانە. هەربۆیەش خۆی ئاشکرا نەکردوە.

## هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکرات چاوی بە وەزیری دەرەوە لـە حکـوومـەتی داهـاتووی ئوسـترالیادا کـەوت

ڕۆژی ٢٠٠٣/١١/١٨ هەیئـەتێك لـە ئەندامانی حیزب پێکهـاتوو لـە هاوڕێیـان سـەلاح پـوور ئەسـەد، مەسـعوود پیران‌و عوسمان سونبولی لە شاری بریزبـان لەگـەڵ بـەڕێز کـیڤین ڕۆدە (Kewin Rodd) ئەنـدامی پارلـمـانی فیـدراڵی ئوسـترالیا کۆبوونەوە. کیڤین ڕۆد بەرپرسی پەنابـەرانی دەرەوەی حیزبـی کرێکـارانی ئوسـترالیایەو وەزیـری دەرەوەی حیـزب لـە حکوومـەتی داهاتووی حیزبی کرێکارە.

هەیئەتی حیزبی دێمۆکرات لـە پـێش‌دا باسـی بـارودۆخی ئێـران، تیرۆریزمـی کۆمـاری ئیسـلامی، سـەرکوتی گـەلی کوردو پێشێلکردنی مافی مرۆڤیـان کـرد. پاشان لیستێك لە ناوی ئەو کەسانەی لـەم دواییانـەدا بە دەسـتی ڕێـژیمی کۆمـاری ئیسـلامی کـوژراون، دایـە بـەڕێز ڕۆد. ئـەوجار لەسـەر گـیران‌و تەسـلیم کرانـەوەی ٦ تێکۆشەری دێمۆکرات بە کۆماری ئیسـلامی لەلایـەن بزووتنەوەی ئیسـلامیی کردسـتانەوە، قسـەیان کـرد. هەروەها باسی دەرچوونی حوکمی ئێعدام بۆ رامینـی شەریفی، ئەندامی حیزبی دێمـۆکرات‌و گیرانـی چـەند تێکۆشەری دیکـەی حیزبـی دێمـۆکرات لـە ناوچـەی مـەهابادیان بـۆ بـەڕێز ڕۆد کـردو لـەو پێوەندی‌یـەدا داوای هاوکارییـان لێ کـرد. کـیڤین ڕۆد وێـڕای هاودەردی لەگەڵ بزووتنەوەی گەلی کـورد بـەڵێنی دا لـە ڕێگـای خۆیـەوە هـەوڵ بدا بـۆ ڕوونبوونـەوەی چارەنووسی گیراو و بێ‌سەرو شوێن کراوەکانی حیزبـی دێمـۆکرات‌و پێشـگیری لـە بەڕێوەچـوونی حـوکمی ئێعدامی رامین شەریفی. پاشـان باسـی ئەندامـەتیی هـەر دوو حیـزب (حیزبـی دێمـۆکراتی کوردستان‌و حیزبـی کرێکـارانی ئوسـترالیا) لـە ئەنتێرناسـیونالی سوسیالیستداو پێویستیی هاوکـاریی زیـاتر لـەنێوان ئەو دوو حیزبەدا کرا.

وتووێژی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ ڕۆژنامەی "الشرق لاوسط" ٢
پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد ٢
لە پەراوێزی قسەکانی ئەم دواییانەی بووش‌و پاوڵ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا ٥
وتاری "کۆمیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێمۆکراسی" لە کۆنفرانسی تایبەت بە کێشە جیهانی‌و ناوچەیی‌کان لە فەرانسەدا ٥
هەڵبژاردەی وتووێژی سایتی "کوردستان میدیا"دا لەگەڵ مستەفا شەڵماشی‌دا ٨
ژمارە ١٧ی دنیای منداڵان



# وتووێژی هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ ڕۆژنامەی



**ڕۆژنامەی "الشرق‌الاوسط" کە لە لەندەن دەردەچێ، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتوبری ٢٠٠٣ی خۆیدا پوختەیەکی لە وتووێژی شێرزاد شێخانی هەواڵنێری ئەو ڕۆژنامەیە لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوکردۆتەوە. "کوردستان" بە باشی زانی وەرگێڕاوی ئەم وتووێژە بخاتە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکانی.**

حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران داوایەکی تازەی ئێرانی بۆ وتووێژی نهێنی ڕەت کردەوە. سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە، پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە جارێکی دیکە وتووێژی نهێنی ناکاو داوای کرد کە ئەگەر ئێران دەیەوێ وتووێژ بکا، با لە پێشەوە لە ڕاگەیەنەگشتییەکاندا بڵاوی بکاتەوە. بەڵام ئەوەشی بە پێویست زانی کە لایەنێکی سێیەم (نەتەوەیەکگرتووەکان یا هەر لایەنێکی نێونەتەوەیی دیکە لە هەر وڵاتێکی جیهان جگە لە ئوتریش) لەم وتووێژانەدا ئامادە بێ. ناوبراو گوتی "ئێمە جارێك لەو وڵاتە وتووێژی نهێنیمان کردوەو دوکتور قاسملوومان لە دەست داوە کە دەبوو گیانی بپارێزرێ. کەوابێ مەسەلەکە بۆ ئێمە بارێکی پرنسیپیی وەرگرتوەو جارێکی دیکە ئەم ئەزموونە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دووپات ناکەینەوە".

عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێیسەیر بوو کە ئێران ئەوەندە پێ لەسەر وتووێژی نهێنی دادەگرێو گوتی: "ئێمە لەسەر مافەکانی گەلێك وتووێژ دەکەین، نەك لە سەر مافە حیزبیو تاکەکەسییەکان. کەوایە ئامادە نین بێ وەدیهاتنی مەرجە بنەرەتییەکانی وتووێژو بێ ئاگاداریی خەڵك وتووێژ بکەین.

"الشرق‌الاوسط" لێی پرسی: ئێوە لە هەموو لێدوانو بەیاننامەکانتاندا ئەو مەبەستە دووپات دەکەنەوە. داخوا هێشتا ڕێبەرایەتیی ئێران حاڵی نەبووە کە ئێوە وتووێژی نهێنی ڕەت دەکەنەوە! لە وەڵام دا "دیارە ئەوان ئەوە دەزانن، بەڵام ئەوان لەو کارە مەبەستی دیکەیان هەیە. لەپێشدا دەیانەوێ وتووێژەکە نهێنی بێ، دوایە هەر بۆخۆیان ناراستەوخۆ ڕای بگەیەنن بۆ ئەوەی جیددی بوونی حیزبی دیموکرات بخەنە ژێر پرسیارو لە پێش چاوی گەلی کورد لە ئێراندا بێئیعتیباری بکەن. ئەمەش نیشان دەدا کە ئەوان لە داوای چارەسەری مەسەلەی کورددا جیددی نین. ئەگینا وتووێژ بۆ دەبێ نهێنی بێ". هەروا لێی زیاد کرد: "بڕوانە هەموو دەوڵەتانی جیهان بە ئاشکرا وتووێژ لەگەڵ ئۆپوزیسیۆن دەکەن، ئەوە سوودان، پێشتر لە تیمۆرو زۆری شوێنی دیکە لە پێش چاوی خەڵکی دنیا وتووێژیان کردوە جا سەرکەوتبێ یان سەرنەکەوتبێ. مەسەلە ئەوەیە ڕێبەرانی ئێران شتێکیان بۆ کورد پێ نیە. هەر بۆیەش لە چارەسەری کێشەی کورددا جیددی نین".

لە بارەی هەڵبژاردنی ئایندەی پارلمانەوە کە حیزبو هێزە ئێرانییەکان لە ئێستاوە دەستیان بە ئامادە کردنی کردوەو قەرار وایە لە فێوریەی ئایندەدا بەڕێوە بچێ، حەسەنزادە گوتی حیزب تا ئێستا لەو بارەیەوە هەڵوێستی نەگرتوە، بەڵام بە دووری نەزانی کوردەکانی لایەنگری حیزب لە نێوخۆی وڵاتدا تەحریمی بکەنو پێیوابوو کە زۆربەی ئێرانییەکانیش تەحریمی دەکەن. ئەو گوتی بەرپرسانی ئێران باش لەو ڕاستییە گەیشتوون، هەربۆیەش چالاکانە لە فتواو خوتبەکانی نوێژی هەینیدا هەوڵ دەدەن هاونیشتمانان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا هان بدەن. لەو بارەیەوە گوتی: "پێم وایە زۆر کەس بە تایبەتی لە ریفۆرمخوازەکان هەڵبژاردن تەحریم دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مەجلیسی ئایندە بە دەستی قۆڵی پاوانخوازەوە دەبێ. ئێمە هێندێ زانیاریمان هەیە کە نیشان دەدەن کە ڕادەی ئەوانەی لە شاری تاران بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری بوون لە ٨٪ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە تێنەپەڕیوە".

لە بارەی ئەوەوە کە سەرکەوتنی توندرەوەکان لە بەدەستهێنانی زۆرایەتیی پارلماندا ببێتە مایەی تەقینەوەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکان لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران، گوتی: "سروشتو ڕەفتاری هەموو ڕێژیمە دیکتاتورەکان یەکە: زەبروزەنگو ئاغایەتی بەرامبەر بە گەلانو تەسلیم بوون لە بەرامبەر دەسەڵاتە گەورەکاندا. چاو لە وتارە ئاگرینەی چەند حەوتوو لەمەوبەریان لە بارەی پشکنینی شوێنە ئەتۆمییەکانی ئێرانەوە بکەو پاشان بەراوردی بکە لەگەڵ بانگهێشتنیان لە وەزیرانی دەرەوەی فەرانسەو ئەڵمانو بریتانیاو قبوولکردنی هەموو شەرتەکانی ئەمریکا لە بارەی بەرنامە ئەتۆمییەکانەوە. لە حکومەتی ئێستادا فەرقێکیش لە نێوان هەڵوێستی توندڕەوەکانو ریفۆرمخوازەکاندا نیە، چونکە محەممەد خاتەمی ڕێبەری قۆڵی ناسراو بە ڕێفۆرمخواز کە ئێستا سەرکۆمارە یەکێك لە وتەبێژەکانی قۆڵی هەرە توندرەو لە ڕێژیمی ئێستا دایە".

حەسەنزادە باوەڕی وابوو کە فەرقێکی زۆر لە نێوان هەڵوێستی دوو قۆڵەکەدا نیە. "بۆ وێنە وەختێك خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل درا بە خاتوو شیرین عبادی، خاتەمی چەند ڕۆژ ڕاوەستا بۆ ئەوەی هەڵوێستی توندڕەوەکان بزانێو ئەمجار هەڵوێست بگرێ. پاشانیش کە وەقسە هات هەوڵی دا لە نرخی خەڵاتەکە کەم بکاتەوە، لەحاڵێکدا پێشتر بۆخۆی کاندیدای وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بوو. باشە ئەگەر ئەو خەڵاتە شتێکی بێبایەخە، بۆچی کاتێك بۆ خۆی کاندیدا کرا، ڕەتی نەکردەوە؟".

***

## بۆ کونفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد، ڕۆژی ٢٢ی ئەم مانگە (١ی سەرماوەز) کۆنفرانسی خۆی پێك دێنێ. بەم بۆنەیەوە دەفتەری سیاسیی حیزب پەیامێکی بۆ کۆنفرانس نارد. دەقی پەیامەکە بەم جۆرەیە:**

**خوشکانی خۆشەویست!**
**ئەندامانی بەڕێزی بەشدار لە کونفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد!**

بەخۆشحاڵییەوە هەواڵی هەنگاونانی ئێوەی بەڕێزمان بەرەو بەستنی کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سوئێد بیست. بەم بۆنەوە بەگەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەینو ئاواتی ئەوە دەخوازین کە کونفرانسەکەتان کونفرانسێکی پڕ بەرهەم بێو بڕیارو ڕاسپاردەی بەسوودی لە پێوەندی لەگەڵ کاروچالاکییەکانی داهاتووتاندا لێ بکەوێتەوە.

ئەوە کە ئێوە لەهەمان کاتدا کە لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا ژیان بەسەر دەبەنو وەك ژنانی ئەو وڵاتە لە بەشێك لە مافەکانتان کەڵك وەردەگرن، بەڵام، لە بیری خەڵکی وڵاتەکەمان دان کە چۆن لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهدا، لە مافو ئازادییە ئینسانییەکانیان بێبەشنو ژنانی ئێرانی چ مەینەتو ڕۆژرەشییەك بە دەست ئەم ڕێژیمەوە دەچێژنو لەوپێوەندییەداو بە مەبەستی وەدیهاتنی دێموکراسی لە وڵاتداو بۆ دابینبوونی مافی یەکسان بۆ ژنو پیاو لە کۆمەڵو لە خێزاندا خەبات دەکەنو چالاکیو تێکۆشان لە خۆتان نیشان دەدەن، لەجێدا، جێگای ڕێزێکی زۆرو پێزانینێکی تەواوە. بۆیە سەرکەوتنی ئێوەو ئەم کۆنفرانسەتان لە بەجێ هێنانی ئەو ئەرکە گرینگو پڕ بایەخانەدا بە ئاوات دەخوازینو چاوەڕوانی بەرەوپێش چوونی هەرچی زیاترتانین.

خۆشەویستان! ئەم کۆنفرانسەتان لە کاتێکدا بەڕێوە دەبەن کە خەڵکی وڵاتەکەمان هەروا لەژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی دایەو مافو ئازادییەکانیان بە توندترینو بەرینترین شێوە پێشێل دەکرێ، لە ڕەوتی ئەو سەرکوتو پێشێلکارییەشدا، ژنان وەك نیوەی کۆمەڵ زیاتر لە نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ ستەمیان لێ دەکرێو مافەکانیان پێشێل دەکرێ، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا دەبینین کە خەڵکی وڵاتەکەمان بەگشتیو ژنانی ئێرانی بە تایبەتی بێدەنگو بێتەفاوەت دانەنیشتوونو لە ئاست ئەو زۆرداریو ستەمکاریو ماف پێشێلکردنەدا، سەری تەسلیمو ڕەزایان دانەنەواندوە.

ئەگەر لە دنیای ئەمڕۆدا مەسەلەی ژن وەك یەکێك لە گرینگترین مەسەلەکانی جیهان سەیر دەکرێو ڕادەی پێشکەوتوویيو پاشکەوتوویی هەر کۆمەڵێك بە وەزعی مافی مرۆڤو مافی یەکسانیی ژنو پیاو، لە کۆمەڵو لە خێزاندا هەڵدەسەنگێندرێ، دەبینین کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیدا، چۆن ژنانی وڵاتەکەمان سەنگەریان لە دواکەوتوویيو کۆنەپەرستی گرتوەو چ خەباتێکی بەرینو شوێندانەریان وەڕێ خستوە، بۆ ئەوەی بە وەدیهاتنی دیموکراسیو گەیشتن بە مافی یەکسان لە نێوان ژنو پیاو لە کۆمەڵو لە خێزاندا، کۆمەڵگای ئێران بەرنە ڕیزی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانی جیهانو جێگای شیاوی خۆی بۆ دەستنیشان بکەن. بەخشرانی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل بە خانمی شیرینی عیبادی لە نیوەڕۆکی خۆیدا بە مانای ڕەوایی ئەو خەباتەیە کە ژنانی وڵاتەکەمان لە دژی کۆنەپەرستیو دیکتاتوری کۆماری ئیسلامیو لە پێناو گەیشتن بە مافو ئازادییەکانیان وەڕێیان خستوەو لێبڕاوانە تا سەرکەوتنو گەیشتن بەو مافو ئازادییەکانیان درێژەی دەدەن.

**گومان لەوەدا نیە کە نە خەباتی گشتیی خەڵکی وڵاتەکەمان بۆ دابینبوونی دیموکراسی لە خەباتی ژنان بۆ مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان جیایەو نە خەباتی ژنان بۆ ئەو مافانە شتێکی جیاواز لە خەباتی گشتی بۆ ئازادیو دیموکراسییە، بۆیە پێویستەو تەنانەت ئەرکی نیشتمانیو ئازادیخوازیو عەدالەتپەوەری هەر ئێرانییەکی ئازادیخوازو دیموکرات بە ژنو پیاوەوەیە کە لەو خەباتەدا بەشدار بێو بە هەموو توانایانەوە دژی چەوسانەوە تێبکۆشن.**

گومان لەوەدا نیە کە نە خەباتی گشتیی خەڵکی وڵاتەکەمان بۆ دابینبوونی دیموکراسی لە خەباتی ژنان بۆ مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان جیایەو نە خەباتی ژنان بۆ ئەو مافانە شتێکی جیاواز لە خەباتی گشتی بۆ ئازادیو دیموکراسییە، بۆیە پێویستەو تەنانەت ئەرکی نیشتمانیو ئازادیخوازیو عەدالەتپەوەری هەر ئێرانییەکی ئازادیخوازو دیموکرات بە ژنو پیاوەوەیە کە لەو خەباتەدا بەشدار بێو بە هەموو توانایەوە دژی چەوسانەوە تێبکۆشێ.

ئەگەر هەموو خەڵکی ئێران لە لایەن ڕێژیمەوە سەرکوتو مافیان پێشێل دەکرێو ژنانی ئێرانی لەو سەرکوتو ماف پێشێلکردنە، بەشی زیاتریان بەرکەوتوە، خەڵکی کوردستانیش زیاتر لە خەڵکی باقیی ناوچەکانی دیکەی ئێرانو ژنانی کوردستانیش پتر لە باقیی ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران، کەوتوونەتە بەر زوڵمو سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و ستەمی چەند قاتیان لێ دەکرێ: ژنانی کوردستان هەم بە تاوانی کورد بوون، هەم بە تاوانی دیموکرات بوونو هەم بە حوکمی ژن بوون لە لایەن ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییەوە ، مەحکووم بەو هەموو بێبەشیو چارەرەشییە کراونو بێ بەزەییانە سەرکوت دەکرێنو ئازار دەدرێن. بۆیە ئەرکی بەشداریی ژنانی کورد لە خەباتی گشتیی خەڵکی ئێران بۆ گەیشتن بە دیموکراسیو لە جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ دابینبوونی ئازادیو مافی نەتەوایەتیی ئەو گەلەو هەم بۆ وەدەستهێنانی مافی وەك یەك لەگەڵ پیاوان لە کۆمەڵو لە خێزاندا، قورسترو زیاترەو بە خۆشییەوە ژنانی کورد لە ئێران ئەو ڕاستییە بە تەواوی هەست پێدەکەنو لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەشدا سەربەرزو سەرفەرازن.

دیارە ژنانی کوردستان لە خەباتی ڕەوایان بۆ گەیشتن بە ئازادیو یەکسانیدا هەرگیز بە تەنیاو بێ پشتیوان نەبوون، چونکە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشەو لە هەموو هەلومەرجێکدا پاڵپشتێکی پتەوو بەهێزی ئەو خەباتە ڕەوایەی ژنانی کوردستان بوەو هەیە.

جارێکی دیکە لە موناسبەتی پێکهاتنی ئەم کونفرانسەی ئێوەشدا حیزبی دیموکرات بە پێی باوەڕی قووڵی بە دیموکراسیو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو بەرامبەریی مافی ژنو پیاو لە کۆمەڵو لە خێزاندا، پێ لەسەر ئەو پشتیوانییە دادەگرێتەوەو بەڵێنی دانی هەر جۆرە یارمەتییەکی ماددیو مەعنەوی بە پێی توانای خۆی بەو خەباتە ڕەوایەی ژنانو بە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دووپات دەکاتەوە.

جارێکی دیکەش سەرکەوتنی کونفرانسەکەتانو یەكیەکی بەشدارانی ئەو کونفرانسە بە ئاوات دەخوازین

هەر بژینو سەرکەوتوو بن

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٢/٨/٢٦ی هەتاوی**

***

# برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## سوئێد:

### دیداری نوێنەری حیزب لە سوئێد لەگەڵ ئاغای کۆنی فریدریکسۆن

کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی رۆژی پێنجشەممۆ ٢٠٠٣/١١/٦ چاوپێکەوتنێك لە نێوان حەسەن قارەمانی، نوێنەری حیزب لە وڵاتی سوئێدو ئاغای فریدریکسۆن لە دەفتەری حیزبی سوسیال دێموکرات لە شاری ستۆکهۆڵم پێك‌هات. لەو دیدارەدا ئاغای کۆنی فریدریکسۆن وێڕای هەڵسەنگاندنی کورتی خەباتو وەزعییەتی ئێستای کورد لە هەموو چارچەکانی کوردستاندا، جارێکی دیکەش بە گشتی پشتیوانیی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێدی لە خەباتی گەلی کوردو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپات کردەوە.

هاورێ حەسەن قارەمانی، نوێنەری حیزب لەم دیدارەدا ئاماژەی بە گیرانو دەسبەسەرکرانی هەزران کەس لە خوێندکارانو موخالیفانی سیاسیو عەقیدەتی، ئەشکەنجەو ئازارو ئیعدام کردنی تێکۆشەرانی حیزب لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا کرد.

هاورێ حەسەن قارەمانی، لەم دیدارەدا سڵاو و پەیامی سوپاسی سکرتێری گشتیی حیزب بەرێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەی بە ئاغای کۆنی فریدریکسۆن راگەیاند لە سەر کاندیداکردنی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی فۆندی وەبیرهێنانەوەی "ئۆلف پالمە"دا.

لە درێژەی دیدارەکەدا باس لە سەر پشتیوانیی سیاسیی پارتی سوسیال دێموکراتی سوئێد لە مەسەلەی کورد بە گشتیو کوردستانی ئێران بە تایبەت کراو هەروەها پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو سوسیال دێموکراتی سوئێد کە هەر دوو ئەندامی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیستن پێی لە سەر داگیرایەوە.

❊❊❊

## ئینگلستان:

### چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاغای لۆرد ئێڤیبری

لە رێکەوتی ٣ی نوامبری ٢٠٠٣، هاورێ مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە ئینگلستان لە دیدارێك‌دا، داوای لە بەرێز "لۆرد ئیفبری" کرد کە پشتگیری بکا لە نامەی ١٥ی ئۆکتۆبری بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان بۆ کوفی عەننان بکا سەبارەت بە گیرانی ٦ تێکۆشەری حیزبەکەمان.

هەورەها داوای کرد کە سەبارەت بە کوژرانی دوکتور مانفرێد وایدینگێر لە دەوڵەتی ئوتریشی بووێ کە کەیسی شەهید دوکتور قاسملوو لە بیر نەکرێو ئیقدامی جیدیو هەنگاوی پێویست بۆ ئەم مەسەلەیە هەڵبگیرێ. هەروەها لە سەر خۆپیشاندانی خەڵکی سەردەشتو جینایەتی تازەی رێژیم وتووێژیان کرد.

هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ نەزەراتی دەفتەری سیاسیی حیزب کە لە رێکەوتی ٢٠٠١/٩/١٢ سەبارەت بە تیرۆریسمو حەملە بۆ سەفارەتی ئەمریکا لە تاران گوترا کە ئەو کەسانەی ئەوکات ئەم هێرشەیان مەحکووم کرد، هیچ دوور نیە لە پشت ئەم مەسەلەیەوە بن. ئێستا لیستی ٢٣٠٠ کەس لە ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ تا ژوئەنی ٢٠٠٣ دەدرێ بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەڵێن بۆ پاکستان ناردراونەتەوە. هەروەها لەم ماوەیەدا وەزارەتی دەرەوەی ئێران رادەگەیەنێ کە نێوی ٢٢٥ نەفەر کە گومان دەکرێ شەبەکەی ئەلقاعیدە بن، دراوە بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ وڵاتەکانیان ناردراونەتەوە.

لەو دیدارەدا بەڵێنیدا کە پشتگیریی نامەی بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بکاو هەورەها نامەیەکیش بۆ دەوڵەتی ئوتریش سەبارەت بە پەروەندەی شەهید دوکتور قاسملوو بنێرێ.

## سویس:

### بەرێوەچوونی کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی لەسەر بارودۆخی کوردستان

کاتژمێر ١١:٣٠ی پێشنیوەرۆی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/٢٧ لە بنکەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری "ژنێڤ"، کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی لەسەر بارودۆخی کوردستان بەگشتی پێك هات کە تێی‌دا چەند رۆژنامەنووسی سویسیو ئەمریکاییو هەروەها بەرپرسی رادیۆدەنگی ئەمریکا لە ئورووپا، بەشدار بوون.

پاش ئاماژەیەکی کورت بە دابەشبوونی کوردستان لە دوو قۆناغی جیاواز لە نێوان ئێرانو تورکیەو عیراقو سووریەدا، تیشك خرایە سەر هەلومەرجی سیاسی، ئابووریو کولتووریی ئێستای کوردەکان لەهەر چوار بەشی کوردستاندا. لەو پێوەندی‌یەدا هەیئەتێك لە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس، بەشداریی لەو کۆنفرانسە رۆژنامەوانی‌یەدا کردو لە بەشی باس لەسەر کوردستانی ئێراندا هەیئەتی بەشداری حیزب لەو کۆنفرانسەدا، هەلومەرجی سیاسیی ئێستای کوردستانی ئێرانو سیاسەتە دزێوەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە دژی کورد لە ئێراندا بە کورتی شی‌کردەوەو هەر لەو پێوەندی‌یەش‌دا چەندین بەڵگەو دۆکیۆمێنتی لەسەر کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی رێژیمی ئاخوندەکان لە دژی تێکۆشەرانی کوردی ئێران بەگشتیو تێکۆشەرانی‌حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی، خستە بەردەم رۆژنامەوانەکانو هەروەها نامەی سکرتێری گشتیی حیزب، بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بۆ بەرێز کوفی عەنان، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر تەحویلدانەوەی ٧ تێکۆشەری حیزب لەلایەن بزووتنەی ئیسلامی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێو رۆژنامەوانەکانو بەشداراندا، بڵاو کردەوە.

شایانی باسە ئەو کۆنفرانسە رۆژنامەوانی‌یە تا کاتژمێر ١:٣٠ی دوانیوەرۆی ئەو رۆژە درێژەی کێشا.

❊❊❊

## نۆرویژ

### چاوپێکەوتن لەگەڵ هەیئەتی حیزبی (SV)

سەرلە ئێوارەی رۆژی دوشەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/١١/١٠، هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لە نورویژ، لە سەر داوای رەسمیی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ (sv)، لە بارەگای سەرکیی ئەو حیزبە لە ئوسلۆ، چاوی بە هەیئەتێکی حیزبی (sv)کەوت.

هەیئەتی حزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ لەم بەرێزانەی خوارەوە پێك هاتبوون:

١ــ کنوت کجلەستالیە Knut Kjela stali پرفیسۆری مێژوو لە زانستگەی ئوسلوو ئەندامی پارلمانی نورویژو بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی sv.

٢ــ کامێلا باکێن ڤالا Atle Seiestad ئەندامی کومیتەی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی (sv) و ئەندامی گرووپی کاری رۆژهەڵاتی نێوەراستو مامۆستای ماتماتیك لە زانکۆ.

٣ـ کامێلا باکێن ڤالد Camilla Bakken Vald راوێژکاری سیاسی (sv).

٤ــ عارف باوەجانی ئەندامی شوورای شاری ئوسلۆ لە سەر لیستەی(sv).

٥ــ رایهە براستن Rihhe Barsten بەرپرسی رێکخراوی لاوانی (sv).

هەیئەتی کومیتەی حیزب لە نورویژیش پێك هاتبوون لە: هاورێیان ١ــ ئەحمەد جیهانگیری، نوێنەری پێوەندیەکانی حیزب لە نورویژ٢ــ ساڵح وەلی‌زادە بەرپرسی کومیتەی حیزب لە نورویژ ٣ــ ئیبراهیم لاجانی ئەندامی کومیتەی حیزب لە نورویژ ٤ــ پەخشان ئەحمەدی بەرپرسی پێوەندییەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە نورویژ ٥ــ بەیان وەلی‌زادە بەرپرسی پێوەندییەکانی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە نورویژ.

لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا، وتەبێژی (SV) بە گەرمی بەخێرهاتنی هەیئەتی حیزبی ئێمەی کردو داوای کرد کە راپۆرتێکی گشتی لە سەر وەزعی ئێرانو کوردستان، رابردووی حیزب،سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزب بدرێ بە (SV). لەو بارەوە نوێنەری حیزب لە نورویژ، بە وردی راپۆرتێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە وەزعی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووریو کۆمەڵایەتی کوردستانی ئێران، سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزبی سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ئێرانو ناوچەو کوردستان پێشکەش بە هەیئەتی خانەخوێ کرد. پاشان داوای کرد کە (SV) ئیبتکاری دروست کردنی گرووپێکی نۆرویژی بۆ دیفاع لە دیموکراسیو مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێراندا بگرێتە دەستو لەو بارەوە نەزەراتو بیروبۆچوونەکانی حیزبی دیموکرات بە ئاگاداریی دوستانی (SV) بگەیەنێ.

پاشان هاورێ پەخشان ئەحمەدی بە درێژی راپۆرتێکی لە سەر رابردووو کارو تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات پێشکەش کرد.

دواتر بەیان وەلی زادە، بەگشتی لە سەر کارو تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە نورویژ دواو ئامادەیی یەکیەتیی لاوانی بۆ هاوکاریکردنی رێکخراوی لاوانی (SV) راگەیاند.

دواتر لە درێژەی دانیشتنەکەدا، دۆستانی (SV) گەلێك پرسیارو مەسەلەی جۆراوجۆریان سەبارەت بە وەزعی کوردستان، خەباتو سیاسەتو بۆچوونەکانی حیزبی هێنایە گۆڕ کە لە لایەن هاورێیان ئەحمەد جیهانگیری، ساڵح وەلی زادە، برایم لاجانیو پەخشان ئەحمەدی‌یەوە وەڵامی پێویستیان دراوە. بە گشتی (SV) دەیەوێ لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانو کوردستان بە گشتیو کوردستانی ئێراندا بە تایبەتی سیاسەتو هەڵوێستەکانی خۆی دارێژێ. بۆ ئەو مەبەستە دەیەوێ لە رێگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، زانیاریی پێویست بۆ ناسینی باشتری مەسەلەی کوردو دارشتنی سیاسەتێکی ئوسولی لە بارەی کێشەی کوردەوە، وەدەست بخا. شایانی باسە لە جەریانی کۆبونەوەکەدا سکرتێری گشتی (SV) ش سەردانێکی کورتی هەیئەتی حیزبی کردو بەخێرهاتنی گەرمی هەیئەتی حیزبی کردو بە هەیئەتی (SV) سپارد کە بەوردیو شێلگیری‌یەوە مەسەلەی کوردو دۆستایەتیو پێوەندییەکانی (SV)و حیزبی دێموکرات تاقیب بکەنو بە هێندی بگرنو کاری بۆ بکەن.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، هەیئەتی حیزب داوای لە (sv) کرد کە بۆ سەردانێکی رەسمی لە بنکەکانی رێبەرایەتیی حیزبی ئێمە لە کوردستان سەردانی کوردستان بکەنو ئەوانیش بە خۆشحاڵی‌یەوە ئەو داوایەیان قبووڵ کردو رایان گەیاند ئەگەر دەرفەتیان بۆ هەڵبکەوێ ئەو سەفەرە دەکەن. پاش دوو سەعات دانیشتنو بیروڕا گۆڕینەوە، کۆبوونەوەکە لە فەزایەکی دۆستانەدا کۆتایی پێ‌هات.

❊❊

## نۆرویژ:

### کۆبوونەوەیەك لەگەڵ LO بۆ باس لەسەر سیاسەتو بەرنامەکانی حیزب

رێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/٣ کۆبوونەوەیەك لە نێوان کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو و LO (Lands Organizasion) لە هۆڵی تایبەتیی Kultur Ordeling لەسەر Sar Psbovg لە LO پێك هات.LOمیوانداریی

لەو کۆبوونەوەیەدا سیاسەتو بەرنامەو ستراتیژی‌یەکانی حیزب لە دەرەوەو ناوەوە بۆ لایەنەکانی کۆبوونەوەکە باس کرا. لایەنەکانی دیکەی کۆبوونەوەکە بە دڵ فراوانی‌یەوە گوێیان بۆ باسەکان راگرت. پاشان بڕیار درا بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکان، ناوەندێك بەناوی Internasjnal Klub بە سەرپەرستیی کۆمیتەی حیزب لە ئەستفۆلد و LO پێك بێ.

❊❊❊

## بریتانیا

### دیدار لەگەڵ بەرپرسێکی لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی

لە رێکەوتی ٤ی نوامبری ٢٠٠٣ هاورێ مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە ئینگلستان چاوی بە بەرێز "درایوری دیك" کەوت.

Mr Drewary Ddyke (Middle East Program) (Amnesty International)و نامەی رێکەوتی ١٥ی ئوکتبر کە لە لایەن بەرێز عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان بۆ کوفی عەنان نارداوە، سەبارەت بە گیرانی ٦ تێکۆشەری حیزبەکەمانی پێشکەش کردو داوای لێ کرد کە ئیقدامی جیدیو پێویست بکەن بۆ ئازادکردنیان.

هەروەها سەبارەت بە کوژرانی دوکتور مانفرێد وایدینگێر قسە کراو داوای لێکرا لێکۆڵینەوەیەك لەو بارەوە بکرێتو لەم نێوەدا کەیسی دوکتور قاسملو لەبیر نەکرێتو ئیقدامی جیدیو هەنگاوی پێویست بۆ ئەم مەسەلەیە هەڵ بگیرێت.

هەروەها لەسەر خۆپیشاندانی خەڵکی سەردەشتو جینایەتی تازەی رێژیم قسەیان کردو لەسەر شەهیدکرانی سێ‌کەسی خەڵکی سەردەشتو گیرانی کۆمەڵێك خەڵکی ئەو شارە گوترا کە دەبێ هەنگاوی پێویست هەڵ بگیرێ.

ناوبراو بەڵێنی‌دا کە هەنگاوی پێویست بۆ ئەم مەسەلەیە هەڵبێنێتەوەو ئەوەی لە دەستیان بێ بۆبەردانی ئەو گیراوانە درێغی نەکەن.

### نامەی نوێنەری حیزب بۆ ئاغای لۆرد ئیڤبێری

بەرێز ئاغای لۆرد ئیڤبێری!

ئێمە سەبارەت بە کەمکاریی دەوڵەتی ئوتریش لە پێوەندی لەگەڵ دۆزینەوەی بکوژانی د.عەبدولرەحمانی قاسملووو هاورێیانی لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی‌دا بە دەستی کۆماری ئیسلامی لە ڤییەن زۆر نیگەرانین.

بە هۆی جینایەتی ئاشکرای مانگی ژووئیەی ٢٠٠٣ کە لەودا پارێزەری خێزانی ئەو، دوکتور مانفرێدویدینگێر کە وەکالەتی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووی وەئەستۆ گرتبوو، کەمکاریی دەوڵەتی ئوتریش روونتر دەرکەوتوە.

ئیزن بدەن سەرنجی ئێوە بۆ ئەو واقعییەتە رابکێشم کە لە ساڵی ١٩٧٩دا کە ئایەتوڵڵا خومەینی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، زیاتر لە ٣٠٠کەس لە ئەندامانی حیزبەکەمان لەدەرەوەی ئێران تیرۆر کراونو تا ئێستاش هیچ کەس بە هۆی ئەنجامدانی ئەو جینایەتانە تاوانبار نەکراوە.

لەوەی کە هیچ کەس بەرپرسایەتیی هیچ یەك لەو جینایەتانەی وەئەستۆ نەگرتوە، رەنگە نەتوانین بڵێین کە ئەو دوو جینایەتە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. ئێمە نیگەرانی ئەوەین کە جینایەتی دووهەم ببێتە هۆی ئەوە کە هیچ پارێزەرێکی دیکە وەکالەتی ئەو پەروەندەیە وەئەستۆ نەگرێ.

ئەوە بابەتێکی ورياکەرەوەیەو جێگەی داخە، کاتێك دەبینین کە مرۆڤکوژانی ئێران لە سەراسەری ئورووپا راوڕاوێن بکەنو هەر کەسێکیان بوێ بیکوژنو لە هەمان حاڵیش‌دا کەس لێیان نەپرسێتەوە.

ئامانجی ئێمە لە نووسینی ئەو نامەیە ئەوەیە کە داوا لە ئێوە بکەین لەبارەی ئەو بابەتەوە کارێکی وا بکەن کە دەوڵەتی ئوتریش بە شێوەیەکی جیدی‌تر کار لە سەر پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو بکا. لەگەڵ رێزماندا

م. سوارە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بریتانیا

٣ی نوامبری ٢٠٠٣

❊❊❊

### نامەی لۆرد ئیڤبێری لەپێوەندی لەگەڵ کوژرانی دوکتور مانفرێد وایدینگێر

لە ٣١ی ژوئیەی ٢٠٠٣دا، وونبوونی دوکتور مانفرێد وایدینگێر، پارێزەری ٤٨ساڵەی ئوتریشی لە لایەن خێزانی‌یەوە راگەیەندراو رۆژی ١٣ی سێپتامبریش تەرمی بێ‌گیانی ناوبراوایان لە لێرەوارێکی نیزیك کلوسترینبۆرگ دۆزیوەتەوە. قەرارابوو "کالبودشکافی" بکرێ، بەڵام نازانم ئایا ئاکامەکەی راگەیەندرا یان نا. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران منی لەو راستی‌یە ئاگادار کردەوە کە دوکتور مانفرێد ئەرکی پارێزەریی بنەماڵەی دوکتور قاسملو، سکرتێری گشتیی حیزبی ناوبراوی وەئەستۆ بووە کە لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی لە ڤییەن تیرۆر کراوە. گومانی ئەوە هەیە کە دوکتور مانفرێدیش وەك دوکتور قاسملوو بەدەستی کۆماری ئیسلامی کوژرابێو نیگەرانی ئەوە بە هۆی ئەوە کە تا دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو هیچ کەس نەگیرا، ئەوجارەش کەس لەپێوەندی لەگەڵ ئەو قەتڵەدا دەستگیر نەکراو گومانی ئەوە دەکرێ کە ناوبراو کوژرابێو چوونکە دوکتور مانفرێد کەسێکی خۆشناوو بنەماڵەدار بووەو هیچ دوژمنێکی ناسراوی نەبوە.

تکایە زەحمەت بکێشن پرسیارێك لە باڵوێزی ئێمە لە ڤییەن بکەن تا بزانن کە بەدواداچوونی پەروەندەی دوکتور مانفرێد بە کوێ گەیشتوەو ئێمەش لە ئاکامەکان ئاگادار بکەنەوە.

هەروەها ئاگاداربوون لەوەی کە ئایا پەروەندەی دوکتور قاسملوو ئێستاش هەر کراوەیە یان نا؟ گرنگیی خۆی هەیە، رەنگە لە بیرتان بێ بۆ دووکەس لەوانەی دەستووری گیرانیان دەرکرابوو، کە بە پێی راپۆرت، باڵوێزی ئێران داڵدەی‌دا بوون، بریتین لە "ئەمیر مەنسوور بوزورگیان"و "هادیی مستەفەویی" (بەنازناوی مستەفا حاجی هادیو مستەفا حاجی) بوون. جینایەت ئەوکاتە رووی‌دا کە دوکتور قاسملووو دووکەس لە هاورێکانی لە هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ تاقمێکی بەرواڵەت بە سەرپەرستی محەممەد جەعفەر سەحرارووودی کۆبونەوەیان هەبوو. بە گوێرەی نووسینی رۆژنامەی"واشینگتۆن پۆست"، (دووهەمی ئووتی ١٩٨٩) کەسێکی

بۆ لاپەرەی ٤

## دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان



پێویستی هاوکاریی زیاتری هێزەکانو گەیشتن بە ئیئتلافێکی بەرین، پێیان داگرتەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٢/٨/٢٢ی هەتاوی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بنکەی نوێنەرایەتیی حیزب لە شاری هەولێر چاوی بە بەڕێز حوسێن یەزدانپەنا، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کەوت.

لەو دیدارو دانیشتنەدا کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە ئێرانو کوردستان بە گشتیو شێوەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەتی، کەوتنە بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەرکرا. وێڕای لێكنێزیكبوونی بیروبۆچوونەکان، هەردوولا لە سەر

❊❊❊

## دیدار لە نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکراتو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران



سەعات ١٠ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٣٨٢/٨/٢٧ی هەتاوی هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبو پێکهاتوو لە هاوڕێیان حەسەن شەرەفی، باباعەلی مێهرپەروەرو مستەفا مەولوودی، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو هاوڕێیان کاوە بەهرامی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو موعتەسەم نوورانی، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، سەردانی بنکەی ڕێبەرایەتی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی" ئێرانی کردو لە لایەن هەیئەتێکی بەڕێوەبەرایەتیی ئەو ڕێکخراوە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیو بەڕێزان عومەری ئیلخانیزادە، فارووقی بابامیری، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو عەبدوڵڵا موحەممەدی، ئەندامی بەڕێوەبەرایەتییەوە پێشوازیی لێکرا.

دوو هەیئەت لە دیدارێکی ٥ سەعاتەدا، کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە ئێرانو کوردستانو دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیان تاوتوێ کردو لێکدانەوەیەکی لێك نزیکتریان لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەکاندا هەبوو. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا جارێکی دیکەش باس لە شێوەی هاوکاریی زیاتری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کراو وەك پێویستییەکی ئەمڕۆیی پێیان لەسەردا گرتەوە.

❊❊❊

### درێژەی لاپەڕەی ٣

درێژەی لاپەڕەی ٣

چوارەمیش لەگەڵ هەیئەتی ئێرانیدا بوو کە ناوی "مونتەزێری"و لێخوڕی ماشینەکە بوو کە پێی هەڵاتبوون.

هەڤدە ڕۆژ دوای ئەو جینایەتە ئیجازەیان بە سەحراروودی دابوو (٢٩ی ژووئیە) بگەڕێتەوە ئێران. ئەگەرچی ناوبراو یەکێك لەو شاهیدانە بوو کە بە چاوی خۆی کارەساتەکەی دیبوو. ئەو پاسپۆرتی دیپلۆماتیکی هەبوو لە نازناوی "ڕەحیمی"یش کەڵکی وەردەگرت. لە هەمان ڕۆژدا ئیجازەیان بە "مونتەزیری"یشدا لە ئوتریش بێتە دەرێ. باڵوێزی ئێران لەسەرەتادا ئیزنیدا کە "بوزورگیان" لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ، بەڵام دوایی ئەویشی وەرگرتەوە.

هێندێك لە ڕاگەیەنەکانی ئەوکاتەی ئوتریش ڕایانگەیاند کە ئێمە پێمان سەیرە کە هێزێکی دەرەکی بتوانێ دەستوور بدا یەکێك لە نارازییەکانی خۆی لە دەمامکی موزاکەرەو ئاشتییەوە بکوژرێو دەسەڵاتی دەوڵەتی ئوتریش بە ئاسانی ئیزنی ئەوە بە بکوژی بدەن کە بڕۆن. هیوادارین لە هەمبەر دوکتور مانفرێدا مێژوو دووپات نەبێتەوە.

**دوکتور دنیس ماچانە، نوێنەری مەجلیس وەزارەتی دەرەوەو موشتەریکولمەنافیع**

## نامەی گرووپی مافی مرۆڤی پارلمانی ئینگلستان بۆ باڵوێزخانەی ئوتریش

ڕێزدار، دوکتور ئەلیکساندێر کریستیانی
باڵوێزخانەی ئوتریش
ژمارە ١٨، بولوار نیوزوست
لەندەن SW1X 8HU

یازدەی نوامبری ٢٠٠٣
ئاغای گەورە سەفیر

**پێوەندیدار بە: دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو**

دیارە ئاگاداری کە دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤییەن بەهۆی دەستو پێوەندییەکانی ئێران کوژرا. وا دێتە بەرچاو کە بە داخەوە دەوڵەتی ئوتریش لە ئەرکی گەڕان بۆ دۆزینەوەی قاتڵەکانی ئەو بەو شێوەیە نەچۆتە پێشەوە.

بەو پەڕی داخەوە، بەهۆی کوژرانی ڕاشکاوانەی دوکتور مانفرێد وایدنگێرو پارێزەری خێزانی دوکتور قاسملوو کە لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی پێوەندیدار خەریکی لێکۆڵینەوە بوو، ئەو ناسەرکەوتوویییە ڕوونتر خۆی دەنوێنێ.

هیچ کەسێك بەرپرسایەتیی ئەو کوشتنەی وەئەستۆ نەگرتوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە، سروشتییە کە وا بێتە بەرچاو کە ئەو دوو ڕووداوە پێوەندییان پێکەوە هەیەو کەواتە گومان دەکرێ کە پارێزەرەکانی دیکەش لە وەئەستۆگرتنی پارێزگاریکردن لە پەروەندەی دوکتور قاسملوو خۆ ببوێرن.

هەروەها، ڕەنگە ئاگاتان لێ بێ کە لە ساڵی ١٩٧٩ بەملاوە زۆر لە ئەندامانیتری "حدکا" لە دەرەوەی ئێران کوژراونو ئەوەش کە هەنگاوی ئەوتۆ (زۆر کەم) لە دژی بکوژەکان هەڵگیراوەتەوە. ناسەرکەوتوویییەکی ئەوتۆ دەتوانێ تەنیا یارمەتی بە پەرەئەستاندنی ئەو جۆرە کردەوە نائاساییانەی بەدواوە بێ.

وەك یەکێك لە دەرەنجامەکانی کوژرانی دوکتور وایدنگێر، چاوەڕوانی دەسخستنی دڵنیاییەکی ئەوتۆین کە دەوڵەتی ئوتریش کاری لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون سەبارەت بە پەروەندەی دوکتور قاسملوو بە گوڕێکی زیاترەوە درێژە پێ دەدا.

**بەرێزەوە**
**جێرۆمی کووربین، جێگری گرووپی پارلمانیی مافی مرۆڤ**

❊❊❊

## داوای بە پەلە سەبارەت بە زانیاریی پێوەندیدار بە تێکۆشەرانی سیاسیی کورد

ڕێزدار مورتەزا سەرمەدی
باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران
ژمارە ١٦، پرێنس گیت [(دەروازەی شازادە)]
لەندەن SW7 1PT
یازدەی سێپتامبری ٢٠٠٣
جەنابی گەورە باڵوێز

بە دڵنیاییەوە ئاگادارن کە لە مانگی ئۆکتبری ١٩٩٦، شەش کەس لە تێکۆشەرانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نزیك هەڵەبجە، هەڵکەوتوو لە ئوستانی سلێمانی، ڕفێنران. ڕفێنەران کە ئەندامی دامەزراوەی بەناو بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بوون، دوابەدوای ئەوە ئەو شەش کەسەیان تەحویلی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دایەوە.

بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بەو شەش کەسە، هەوڵی زۆر دراوە. بنەماڵەکانی ئەوان نازانن چیان بەسەر هاتوەو هەروەها ناشزانن زیندوون یا نا. ماوەیەك لەمەوپێش حەوتەمین ساڵوەگەڕی ڕفێنرانیان، ٢٠ی ئۆکتۆبر تێپەڕ بوو.

ناوی ئەو شەش کەسە بریتییە لە: ئەرشەد ڕەزایی، محەممەد عەزیز قادری، یوونس محەممەدپوور، موزەفەر کازمی، مەعرووف سوهرابیو عەدنان ئیسماعیلی.

بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی وەڵامی بە پەلەو ئەرێین.

وێڕای ڕێز
جیرۆمی کۆربین
جێگری گرووپی مافی مرۆڤ لە پارلمان

### ئوسترالیا

## هەیئەتێک لە کومیتەی حیزبی دیموکرات چاوی بە سەرۆکی دیموکراتەکانی ئوسترالیا کەوت

ڕۆژی ٢٠٠٣/١١/١٠ هەیئەتێك لە ئەندامانی حیزب پێك هاتوو لە هاوڕێیان قادر عەبدی، سەلاح پوور ئەسەدو عوسمان سونبلی لە شاری "بریسبان" لەگەڵ بەڕێز سەناتۆر ئەندرۆ بارتلتی andrew tltte Bar سەرۆکی دیموکراتەکانی ئوسترالیا کۆبوونەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی حیزب نامەیەکیان دا بە سەناتۆر Bartltte لە سەر تەحویل درانەوەی ئەو ٦ کەسەی کە ساڵی ٩٦ تەسلیم بە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرانەوە. ئەو نامەیە لە لایەن دەیان کەس لە کوردەکانی "بریسبان"ەوە ئیمزا کرابوو. هەروەها لەسەر حوکمی ئیعدامی ڕامین شەریفیو گیرانی چەند تێکۆشەری حیزب کە گیانیان لە مەترسی دایە، باس کرا.

سەناتور Bartltte بەڵێنی دا لە ڕێگای خۆیانەوە نامەیەك بۆ UN بنێرێو ئەوەندەی لە دەستی بێ، دەوڵەتو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە وەزعی ئەم گیراوانە ئاگادار بکاو بۆ ڕوونکردنەوەی چارەنووسی ئەو ٦ کەسە کە بزووتنەوەی ئیسلامی تەحویلی ڕێژیمی ئێرانی داونەوەو هەروەها بۆ پێشگیری لە ئیعدامی ڕامین شەریفیو تێکۆشەرانی دیکەی حیزب هەوڵ بدا.

تەوەرێکی دیکەی باسەکان لە سەر کوشتاری خەڵکی بێتاوانی کورد بە دەست ڕێژیم بوو کە لەو ماوەیەدا پەرەی گرتوە. لە کۆتاییدا سەناتۆر ئاندرۆ بارتلتی بەداخ بوونی خۆی لە سەر وەزعی کوردەکان لە ئێران دەربڕی.

❊❊❊

## نامەیەك لە دەفتەری سەرۆك وەزیری بریتانیاوە بۆ کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان

**کومیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان کە لە سەرەتای پێکهاتنییەوە، چەند چالاکییەکی وەك، وەڕێخستنی خۆپیشاندان، دژ بە بڕیاری چوونی ئەرتەشی تورکیە بۆ نێو خاکی کوردستانو دیدار لە گەڵ پارلمانتێر، بەرپرسانی بریتانیاو هەروەها دیدار لەگەڵ وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ئورووپاو ڕاکێشانی پشتیوانیی پارلمانتێرەکان بۆ مەسەلەی کورد، ئەنجام دراوە. لەم دوایانەشدا نامەیەکی بۆ دەفتەری سەرۆك وەزیرانی بریتانیا نارد کە تێیدا، سەرۆك وەزیرانی ئینگلیستانی لە وەزعی کوردو مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران ئاگادار کردەوە کە وەڵامی ئەم نامەیەی وەرگرتۆتەوەو دەقی وەڵامەکەشی بەم جۆرەی خوارەوەیە"**

**سوپاس بۆ ئەو نامەیەی کە لە ڕێکەوتی ١٩ی سپتامبردا بۆ بەڕێز سەرۆك وەزیر نووسیبووتو تێیدا نیگەرانیی کومیتەکانت سەبارەت بە مافە بنەرەتییەکانی کوردەکانی ئێران دەربڕیبوو.**

**لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کێشانەی کە بەرۆکی کوردەکانی ئێرانیان گرتوون، خۆیان بە هاوخەمتان دەزانن و زۆرجار بە جیددی داوامان لە کاربەدەستانی ئێرانی کردوە، ڕێز لە مافی کەمایەتییەکان بگرن. بەڵام هەروەك بۆخۆتان ئاگادارن، کوردەکان کۆمەڵێك نوێنەریان لە پارلماندا هەن کە بۆ دابینکردنی ئازادیی پتر بۆ کورد لە ئێراندا، قسە دەکەن. تەنانەت ئەگەر بە سستیش بچنە پێشەوە، بەشدارییەکی ئەوتۆ [ مەبەست بەشداریکردن لە وتووێژەکانی نێو پارلمانە] جێگای هیوایەو ئێمە پێشوازی لە قسەکانی سەرکۆمار خاتەمی دەکەین کە وەك سەرکوماری هەڵبژێردراوی خەڵك، کە داکۆکی لە هاووڵاتییان واتە گەلانی ئێران دەکا. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکرانی بەردەوامی مافەکانی کوردەکانو هەروەها کەمایەتییە ڕەگەزیو مەزهەبییەکان، هەروا نیگەرانیی قووڵی خۆمان دەردەبڕین.**

**بریتانیا لەمەڕ ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، بەگشتی، هەروا نیگەرانە. لە مێژە بە هاوکاریی هاوپەیمانەکانی خۆی لە یەکیەتیی ئورووپادا، کۆمەڵێ بڕیارنامەمان سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، هەم بە کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانو کومیسیونی مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوەوەو پاش ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارنامەیە بە زۆرینەیەکی لاواز لە لایەن کومیسیۆنی ناوبراوەوە لە ساڵی ڕابردوودا، یەکیەتیی ئورووپا زنجیرە وتووێژێکی لە مەڕ مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەست پێکردو لەواندا بە کەڵك وەرگرتن لەو پێوانانەی کە یەکیەتیی ئورووپا ڕێژەی پێشڤەچوونی لەم پێوەندییەیان پێ هەڵدەسەنگێنێ، شێوەی هەڵسوکەوتو ڕەفتاری [ دەوڵەتی ئێران] لە گەڵ کەمایەتییەکانی تاوتوێ کردوە.**

**ئەم چەشنە باسوخواسانە، ئەو هەلەمان بۆ دەرەخسێنێ کە ڕاستەوخۆ نیگەرانیی خۆمان لەگەڵ ئێراندا باس بکەینو بە ڕوونی باسی ئەو بوارانە لەگەڵ ئێران دا بکەین کە تێیاندا مافی مرۆڤ پێشێل کراوە. یەکەم خولی وتووێژەکان بۆ هاوێردنو فەرقوجیاوازیدانان تەرخان کرابوو خولی دواییشی لە ڕۆژانی ٨ و ٩ی ئوکتۆبر بەڕێوە چوون. ئێرانییەکان لەو ڕاستییە ئاگادارن کە ئێمە چاوەڕێی ئاکامی بە کردەوەی ئەم وتووێژانە ببینینو هەروەها ئەوەش دەزانن کە ئەگەر ئەو چاوەڕوانییانەمان وەدی نەیەن، جارێکی دیکە ئەم مەسەلەیە بە شێوەی پەسندکردنی بڕیارنامەیەك لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دێنینە گۆڕێ.**

بیجپل نۆدیردا
بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

### سەقز:

## کۆبوونەوەی کاربەدەستانی دەوڵەتی لە شاری سەقز

ڕۆژی شەممە ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٢ی هەتاوی شووڕای ئیداریی شاری سەقز بە بەشداریی جەمشیدی جێگری سیاسی ئەمنییەتیی ئوستانداریی کوردستان لە سەقزو هەروەها فەرمانداری ئەو شارەو بەرپرسی ئیدارەکان کۆبوونەوەیەکیان پێك هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسانی ئیدارە دەوڵەتییەکان سەبارەت بە ئەوەی بۆچی تەنیا ٣ ـ ٤ کەس خۆیان بۆ نوێنەرایەتی لە مەجلیس ناونووسی کردوە نارەزایەتیی خۆیان دەربڕی. لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشتن کە هەموو بەرپرسەکان هەوڵیان ئەوەبێ کە خەڵك بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنندا هان بدەن.

### کامیاران:

## تێکهەڵچوونی خەڵكو هێزەکانی ڕێژیم لە کامیاران

ڕۆژی ١٣٨٢/٨/١٤ی هەتاوی، ماشێنی کاسبکارێك لە لایەن چەند هێزی نیزامی ڕێژیمەوە لە نێو شاری کامیاران دەگیرێ. هەر ئەو کاتە خەڵك لە دەوریان کۆدەبنەوەو داوای ئازاد کردنی ماشێنەکە دەکەن کە لە ئاکامدا لە نێوان خەڵكو هێزەکانی ڕێژیمدا تێکهەڵچوونو ئاڵۆزی ڕوویداو دوای ئەوە کە شیشەی ماشێنەکانی هێزەکانی ئینتیزامی دەشکێنن دوو کەسیش لە هێزەکان بە ناوەکانی سەرهەنگ ئازادیو سەروان یاوەری بریندار دەبن. بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی ڕێژیم دەست دەکا بە گرتنی لاوانی ئەو شارەو تا کاتی گەیشتنی ئەم هەواڵە ١١ کەس گیراونو ڕەوانەی بەندیخانەکان کراون.

❊❊❊

# له پەراوێزی قسەکانی ئەم دوایی‌یانەی بووش‌و پاوڵ له پێوەندی لەگەڵ ئێران‌دا

**قادر وریا**

رۆژی پێنج‌شەممە ٦ی نوامبر (١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨٢) جۆرج بووش، سەرکۆماری ئەمریکا له وتارێك‌دا که له "بنیاتی دێموکراسیی ئەمریکا"دا پێشکێشی کرد، لەبارەی کەندو کۆشپەکانی سەر رێگای رەوتی دێموکراسی له رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا، دواو، گوتی:" ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست دەبێ دەسەلاتی حکوومەت‌و ئەرتەش بەرتەسك بکەنەوە، رێزی قانوون بگرن، کۆمەڵگەی مەدەنی‌و راگەیەنە سەربەخۆکان بنیات بنێن، ئازادی‌یە ئایینی‌یەکان دەستەبەر بکەن، بۆ بازاڕی ئازاد مل بدەن، مافە سیاسی‌یەکانی ژنان دابین بکەن‌و بەمجۆرە کۆتایی بە نەداری‌و سەرکوتی بەربلاو لەو ولاتانەدا بێنن". جۆرج بووش له درێژەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە ئێرانیش کردو گوتی:" حکوومەتی تاران دەبێ رێز بۆ دەنگی خەلك دابنێ، ئەگینا دوا ئیددیعاکانی لەبارەی مەشرووعییەتی خۆیەوە لەدەست دەدا".

له ١٠ی نوامبریش‌دا کۆلین پاوڵ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا له وتارێك‌دا که له "سیتی کالێج"ی نیویۆرك پێشکێشی کرد، بە توندی رەخنەی له سیاسەت‌و رەفتاری دەسەلاتدارنی ئێران گرت‌و گوتی: "هەر لەو کاتەدا کە ولاتانی دیکەی ناوچە، بە گشتی‌کردن (تعمیم)ی مافی دەنگدان‌و دانانی قانوونی بنەڕەتیی تازە، هەنگاوی تازەیان بەرەوە پتەکردنی بناغەکانی خەلك سەرداری هەلگرتوە، پاوانخوازانی ئێران تازە لەگەڵ گوشارێکی زۆر له نێوخۆوە بەرەوروون تا مل بۆ ئالوگۆری دێموکراتیك بدەن". پاول گوتی: "خەلکی ئێران خوازیاری گەیشتن بە ئازادی‌و جێگیربوونی دێموکراسی له ولاتەکەیان دان‌و لەو بارەوە نابێ چووکترین گومانمان هەبێ"

ئەم وتانەی دوو له پایەبەرزترین‌و گرنگترین کاربەدەستانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە جارێکی دیکە تووڕەیی‌و نیگەرانیی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامییان وروژاند، له چەند بارەوە سەرنجی راگەیەنەکان‌و کۆرو کۆمەڵە‌و ناوەندە سیاسی‌یەکانیان راکێشا که ئاماژەیەك بەوان دەکەین:

١ـ ئەم قسانە له کاتێك‌دا کران کە کۆماری ئیسلامی، تازە رەزامەندیی خۆی لەگەڵ مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقیی کۆنوانسیۆنی قەدەغەکردنی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی راگەیاندبوو. پێشتر زۆرجار ئەو رەخنەیە له ولاتانی ئوروپایی‌و ئەمریکا گیرابوو کە ئەوان له



فشارهێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی‌دا، ناچارکردنی ئەو رێژیمە بۆ مل راکێشان‌و هاوکاری له بوارەکانی ئەتۆمی‌و تیرۆریزمیان‌دا مەبەستەو، گرنگی‌و بایەخێکی ئەوتۆ بە پێشیلکردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەلکی ئێران له لایەن ئەو رێژیمەوە نادەن. بەلام بەردەوامبوونی سەرکۆمارو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا له رەخنەگرتن لەو رێژیمە سەبارەت بە دژایەتیکردنی لەگەڵ ئالوگۆڕی دێموکراتیك‌و رێزدانەنان بۆ دەنگی خەلك، ئەو بۆچوونە بەهێز دەکا کە کۆماری ئیسلامی بە پاشەکشەکردن له هەلوێستی پێشووی خۆی‌و ملدانی بۆ مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی ناوبراو، ناتوانێ بەرۆکی خۆی له دەست ئەمریکاو دەولەتانی دیکەی



رۆژئاوا دەربێنێ‌و بە خەیالی ئاسوودەوە، سیاسەت‌و رەفتارە دژی ئینسانی‌یەکانی خۆی درێژە بدا.

٢ـ کاتێك ئەم قسانەی ئێستای کۆلین پاول لەگەڵ قسەکانی مانگێك لەمەوبەری له پەنا یەك دادەنێین، هەست بە وەرچەرخانێکی ئاشکرا له هەلوێستی ناوبراودا دەکەین. مانگێك لەمەوبەر کە موحافیزەکارەکانی توندرۆی دەسەلاتی ئەمریکا، قسەیان له پێویستیی گرتنەبەری هەلوێستێکی توند بە دژی کۆماری ئیسلامی دەکرد، کۆلین پاول لەوانە بوو کە خوازیاری وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بوو! ئەوکات ئەمریکایی‌یەکان له ژێر فشاری ولاتانی فەرانسە، ئالمان‌و رووسیەدا ملیان بۆ ئەوەدا کە له رێگای بەشدارکردنی دراوسێکانی‌عێراقەوە ئەمنییەتی ئەو ولاتە دابین بکەن. ئێرانیش یەکێك لەو ولاتانە بوو. بەلام پەرەگرتنی رۆژبەرۆژ زیاتری کردەوەی خرابکارانەو تیرۆریستی له دژی هێزەکانی هاوپەیمانان له عێراق‌و بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی له سەر سیاسەتی"موذیانە"ی خۆی له پێوەندی لەگەڵ عێراق‌دا ، وای کردوە روانینی کەسانێکی میانەڕەوی وەك کۆلین پاولیش له نێو دەسەلاتدارانی ئەو ولاتەدا، لەباری جۆری رەفتارو هەلوێست بەرامبەر بەو رێژیمەوە بگۆرێ. (٢)

٣ـ ناهومێدی له پێکهاتنی ئالوگۆڕ بە قازانجی ئازادی‌و دێموکراسی له کۆماری ئیسلامی‌دا له رێگای ریفۆرمەوەو، مانەوەی جلەوی دەسەلاتی ئەو رێژیمە له دەست کەسانێك‌دا کە بە هیچجۆر ئامادەی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی له بواری



تیرۆریزم، مافی مرۆڤو ئاشتی لەرۆژهەلاتی نێوەڕاست‌دا نین، دەسەلاتدارانی ئەمریکای بەرەو ئەوە پالپێوە ناوە بەراشکاوی‌یەکی زیاتر له هەمیشە، له پێویستیی پێکهاتنی ئالوگۆڕ بە قازانجی ئازادی‌و دێموکراسی له ئێران‌دا بدوێن‌و، لانی‌کەم له قسەدا' پشتیوانیی خۆیان له خەباتی خەلکی ئەو ولاتە بە مەبەستی گەیشتن بە دێموکراسی‌و مافە ئینسانی‌یەکانیان رابگەیەنن.

٤ـ هەم ئەو قسانەی بووش‌و پاول‌و هەم قسەکانی تۆنی بلێر لەبارەی سیاسەتی ئینگلستان‌و ئەمریکا له پێوەندی لەگەڵ عێراق‌دا کە گوتی "ئێمە بەرهەمی شەڕی [خۆمان له] عێراق، له ئێران‌و ولاتانی هاوتایان‌دا دەدروینەوە"، دەری دەخەن کە له روانگەی ئەو دوو ولاتە بەهێزەی جیهانەوە، بەرەوپێشچوونی رەوتی دیموکراتیزاسیۆن‌و وەدیهاتنی مافەکانی مرۆڤ، دامەزراندنی بناغەکانی کۆمەلگایەکی مەدەنی، بنبڕبوونی تیرۆریزم‌و توندڕەوی‌و . . . هتد له هەر ولاتێکی رۆژهەلاتی نێوەڕاست‌دا بەبێ پەلهاویشتنی ئەو رەوتە بۆ ولاتانی دیکەی ئەو ناوچەیە، مومکین نیە.تەنانەت ئەگەر له ولاتێك له ولاتانی ناوچەش‌دا، دیکتاتۆری نەمێنێ‌و، رێگا بۆزالبوونی خەلك بە سەر چارەنووسی خۆیان‌داو جێگیرکردنی دێموکراسی‌و دامەزراندنی کۆمەلگەیەکی نوێ خۆش ببێ، بەلام ولاتانی دەوروبەری ، ئالوگۆڕی لەم چەشنەیان بەسەردا نەیە، ئەم رەوتە هەر سەرکەتوو نابێ. چونکە سیستەمە دیکتاتۆرو دژی ئینسانی‌و کۆنەپەرستەکان بە هەموو توانایانەوە، بۆ سەرنەکەوتن‌و تێك شکاندنی ئەزموونێکی دێموکراتیك له دراوسێیەتیی خۆیان‌دا هەول دەدەن‌و دوژمنایەتی دەکەن. کۆماری ئیسلامی یەك لەو سیستەمانەیە کە نەك هەر پێشی ئالوگۆڕی دێموکراتیکی له ئێران‌دا گرتوە، بەلکوو دژایەتیی ئەوجۆرە ئالوگۆڕ له ولاتانی دراوسێ‌و ناوچەش دا دەکا. کەوابوو فشارهێنان بۆ ئەو رێژیمەو پشتیوانی له خەباتی ئازادیخوازیی خەلکی ئێران، جگە لەوەی یارمەتی‌یە بە پێکهاتنی گۆڕانکاریی پێویست له گەورەترین ولاتی ناوچەدا، لاوازکردن‌و تێکشکاندنی یەکێك له گرنگترین پشتیوان‌و پێگەکانی تیرۆریزم‌و سەرەڕۆیی‌و ئازادیکوژی لەو ناوچەیەش دایە.

٥ـ مەسەلەیەکی دیکەی جێگای لێوردبوونەوە له قسەکانی بووش‌و پاولدا باس له چوونە ژێر پرسیارو کۆتایی هاتنی "مشروعیت"ی کۆماری ئیسلامی‌یە. دیارە قسەکردن له چەمکی "مشروعیت" و مەشرووع‌بوون‌و نەبوونی دەسەلاتدارەتیی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وتارێکی جیاو دوورودرێژ هەلدەگرێ. بەلام لێرەدا هەر ئەوەندە دەتوانین بلێین مەشرووعییەتی دەسەلاتدارەتیی ئەو رێژیمە لەم دوایی‌یانەدا بەرەو کۆتایی نەچووە. مەشرووعییەتی ئەو رێژیمە هەر له رۆژی یەکەمی بەدەسەلات گەیشتنی‌یەوە له ژێر پرسیاردا بووە. ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ کە مەشرووعییەتی سیستەمێکی دەسەلاتدارەتی، له دەنگدانی ئازادانەی خەلك بەو سیستەمە، لەکەلك وەرگرتنی ئەو سیستەمە له شێوە دێموکراتیکەکان بۆ گەیشتن بە دەسەلات‌و درێژەدانی حاکمییەت لە، پێکهێنانی ئیمکان‌و دەرەتان بۆ ئازادی خەلك له هەلبژاردنی ئازادانەی دەسەلاتداران‌و نوێنەرانی خۆیان بۆ ئۆرگان‌و ناوەندەکانی قانووندانان‌و بەرێوەبەریی ولات، له نوێنەرایەتی‌کردنی بەرژەوەندی‌یە میللی‌یەکانی ولاتێك له ئاستی جیهانی‌دا، له هەبوونی مافی لێپرسینەوە له دەسەلاتداران‌و هێنانە سەرکارو لابردنیان بۆ خەلك له چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا، سەرچاوە دەگرێ، ئەوکات قبوول دەکەین کە ئیددیعای دەسەلاتداران‌و بەرێوەبەرانی ئەو رێژیمە لەبارەی مەشرووعییەتی نیزامەکەیان نەك ئێستا، بەلکوو هەر له هەوەلەوە، بێ‌جێ‌و ناڕاست بووە. دیارە حاشا لەوە ناکرێ کە پەرەگرتن‌و قوولبوونەوەی بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی و، پاشەکشەی کاتیی کۆماری ئیسلامی له بەرامبەر ئەو بزووتنەوەیەدا ، بۆ ماوەیەك له نێوخۆو دەرەوەی ئێران ئەو هومێدەی پێك هێنا کە کۆماری ئیسلامی چاو بە شێوەی دەسەلاتدارەتیی خۆی‌دا بخشێنێ‌و له رێگای ملکەچ‌کردن بۆ ویست‌و ئیرادەی خەلك، مەشروعییەت بۆ دەسەلاتدارەتیی خۆی دابین دەکا. بەلام شکست‌و ناکامیی ئەو بزووتنەوەیە، شانسی پێکهاتنی جۆرە مەشرووعییەتێك بۆ دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییشی لەگەڵ خۆی‌دا بردە ژێرگل.

***

# کۆنفرانسێکی تایبەت بە کێشە جیهانی‌و ناوچەیی‌یەکان له فەرانسەدا

حیزبی سەوزەکانی فەرانسە بە هاوکاریی ژمارەیەکی دیکە له رێکخراوە دێموکراتیکەکانی فەرانسەو هەروەها رێکخراوە خاریجەیەکانی دانیشتووی ئەو ولاتە، رۆژی ١١ی نوامبری ٢٠٠٣ کۆبوونەوەیەکی لەشاری "سان دونی"ی فەرانسە وەك سەرەتا یا یەکەمین کۆبوونەوەی "فورومی کۆمەلایەتیی ئورووپا" پێك هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەك له رێکخراو و ئەنجومەنە ئێرانی‌یەکان بۆ وێنە کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی له ئێران‌دا (پێکهاتوو له حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێکخراوی یەکیەتیی فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران، رێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران ـ رێگای کرێکار)یش بەشدار بوون. لەو کۆبوونەوەیە دا کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی بلاوکراوەو چاپەمەنی‌یەکانی سێ رێکخراوی ناوبراوی لەسەر مێزێك خستبوە بەرچاوی بەشداران.

پێویستە بگوترێ بە تەنیشت ئەو کۆبوونەوەیەوە، کۆنفرانسێکیش له سالۆنی شارەداری رێك خرابوو کە کەسایەتی‌یە سیاسی، فەرهەنگی‌و رۆژنامەوانی‌یەکان تێی دا بەشدار بوون‌و له پێوەندی دەگەڵ گیروگرفت‌و کێشە جیهانی‌و ناوچەیی‌یەکان‌و یەك لەوان بوونی ئەمریکا له ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست‌و سیاسەت‌و ستراتیژی‌یەکانی ئەو ولاتە، لێکدانەوەو باس‌و وتاریان پێشکەش کرد.

لەم کۆنفرانسەدا هاورێ خوسرەو عەبدوللایی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له دەرەوەی ولات، لەلایەن کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی له ئێران‌دا، لەسەر هەلومەرجی ئێران‌و ئامانجەکانی کومیتەی یەکیەتیی کردەوە قسەی کرد.

## دەقی قسەکانی کاك خوسرەو عەبدوللایی بە نوێنەرایەتی له لایەن "یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی" لەو کۆنفرانسەدا:

**دۆستان!**

ئەمڕۆ خەلکی ئێران بە دوای تێپەڕ بوون له سەردەمی دیکتاتۆری پاشایەتی‌و پاش تێپەڕینی ٢٥ سال له دەسەلاتدارەتیی ئیدئولوژیکیی کۆماری ئیسلامی، هێمن‌و لەسەرەخۆ، بەلام بە هەنگاوی قورس‌و پتەو خۆیان بۆ قۆناغی دوای کۆماری ئیسلامی ئامادە دەکەن.

دەتوانین بە جورئەتەوە بلێین کە له درێژایی خەباتی دێموکراتیکی خەلکی ئێران دا، داخوازە دێموکراتیك‌و کۆمەلایەتی‌یەکانی خەلکی ئێران هیچ کات تا ئەو رادەیە قوول‌و بەرین نەبوون.

خەلکی ئێران بە تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتوە کە ئەوانەی لەنێو تاقمی فەرمانڕەوای کۆماری ئیسلامی دا ئیددیعای دەکەن ریفۆرمخوازن، نە دەیانەوێ‌و نە دەتوانن هەنگاوێك بە قازانجی ئەوان هەلبگرن (چونکە لەچوارچێوەی دەسەلاتدارەتیی وەلیی فەقیە دان). خەلك بە بەشدار نەبوون له هەلبژاردنی شووراکانی شارو دێ له زستانی سالی رابردوو دا رایان گەیاند کە ئیسلاحات له کۆماری ئیسلامی‌دا، خۆ فریودانەو ریفۆرمخوازانی حکوومەتی گەیشتوونەتە بنبەست. خەلك بە بەشداری نەکردن له هەلبژاردن دا "نا"یان بەهەر دوو قولی دەسەلات گوت‌و بەروونی دەریان بڕی کە مەرجی سەرەکیی هەر ئالوگۆڕێکی دێموکراتیك له ئێران دا، لەسەر رێ‌لابردنی کۆماری ئیسلامی‌یە.

کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی له ئێرانیش دا بە بەشداریی چەند حیزب‌و رێکخراوی سیاسی‌یەوە لەچەند سال لەمەوپێشەوە بۆ ئەم ئامانجانە پێك هات:

١ـ رووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کەلك وەرگرتن له هەموو شێوەو تاکتیکەکانی‌خەبات،

٢ـ جێگیر کردنی سیستەمێکی دێموکراتیك‌و سەر بەخەلك له قەوارەی کۆماری‌و له رێگەی هەلبژاردنی ئازادانەو بە دەنگی زۆرایەتیی خەلکی ئێران،

٣ـ دابین کردنی بە تەواویی ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان‌و مافە دێموکراتیك‌و مەدەنی‌یەکانی خەلك،

٤ـ دابین کردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی ژێر ستەمی ئێران (ئازەربایجانی‌یەکان، کوردەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان‌و تورکمانەکان) لەسەر بناغەی بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان، شانبەشانی داکۆکی له یەکیەتیی دلخوازانەی ئەو گەلانە له چوارچێوەی ئێران دا.

٥ـ جیایی بە تەواوی دین له دەولەت‌و دەستەبەر کردنی ئازادی بۆ هەموو جۆرە بیروڕاو دین‌و مەزهەبێك،

٦ـ هەلوەشاندنەوەی هەموو جۆرە جیاوازی‌دانانێکی جینسی‌و دابین کردنی بەرابەریی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان له هەموو بوارەکان دا،

٧ـ دابین کردنی مافەکان‌و بردنەسەری ئاستی ژیانی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان‌و دەستەبەر کردنی مافی پێکهاتنی رێکخراو (تشکل)ە سەربەخۆکان‌و مافی مانگرتن.

٨ـ دابین کردنی مافی دەسەلاتدارەتیی خەلکی ئێران له پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان داو دژایەتی لەگەڵ هەر جۆرە دەستێوەردانێکی بێگانە.

کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی له ئێران دا، بەو ماددانەوە کە رێککەوتنێك بوو له نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێکخراوی فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران‌و رێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێری ئێران (راه کارگر) دەستی بەکار کرد. بەخۆشی‌یەوە لەم هەلومەرجە نوێیەدا لەگەڵ پێشوازیی حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکەشەوە بەرەوروو بووە. وتووێژی سەرەتایی بە مەبەستی پەیوەست بوونی چەند رێکخراوی سیاسیی دیکەش له گۆرێ دایەو هومێدی ئەوە هەیە کە له داهاتوویەکی نیزیك دا کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بە بەشداریی حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکان لەسەر بناغەی ئەو ئامانجانە پێك بێ‌و ژمارەیەکی بەرچاو له رێکخراوە سیاسی‌یەکان یەکگرتووانە بە مەبەستی وەدیهێنانی داخوازە دێموکراتیك‌و کۆمەلایەتی‌یەکانی خەلکی ئێران، هەنگاو بنێن.

**خانمان! ئاغایان!**

**دۆستانی بەڕێز!**

ولاتی ئێمە ئێران له حالی تێپەڕکردنی ئالوگۆڕی قوول دایە. ئێمە بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەو ئالوگۆڕانە پێویستیمان بە یارمەتیی هەموو ئازادیخوازەکانی جیهان هەیە.

ئێمە دەستێوەردانی هیچ دەسەلاتێك لەکاروباری نێوخۆمان دا قبوول ناکەین‌و لەو باوەڕە داین کە ئێران تەنیا بەهۆی ئێرانی‌یەکانەوە دەتوانێ ئالوگۆڕێکی سالم بەرەو دێموکراسی بباتە پێش‌و سەری بخا. ئێمە لەو رێیەدا دەستی برایەتیی هەموو ئازادیخوازانی جیهان دەکوشین.

**به سوپاسی دووبارەوە**

**خوسرەوی عەبدوللایی**

**له لایەن کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی له ئێران دا**

***

**کاك مستەفا شەڵماشی ڕووناکبیرو تێکۆشەرێکی سیاسیی ناسراوی کوردستانی ئێرانە کە ئێستا لە وڵاتی هولەند دەژی. کاك مستەفا بەو هۆیە کە برای "مەلا ئاوارە" شەهیدی گەورەی حیزبی دێموکراتە، هەر بە مێرمنداڵی تووشی ئاوارەییو هەڵقەنران لە زێدو وڵاتی خۆی بوو. دواتریش لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتدا کارو تێکۆشانی سیاسی دەست پێکرد. لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو پاشان بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حزب هەڵبژێردراو بۆ ماوەی دوودەورە (لە نێوان کۆنگرەی ٤ تا ٦) ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات بوو. ساڵی ١٩٨٦ کوردستانی بەجێ هێشتو لە وڵاتی هولەند گیرسایەوە. لە دەرەوەش، بە تەنیشت خوێندنو کاروباری ڕۆژانەوە لە کارو تێکۆشانی سیاسیو فەرهەنگی غافڵ نەبوو.**

**لە پاییزی ئەمساڵدا کاك مستەفا سەردانێکی کوردستانی کردەوەو ماوەیەك لە نێو دۆستانو خۆشەویستانی خۆی بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا مایەوە. "کوردستان میدیا" بە دەرفەتی زانی وتووێژێکی لەگەڵ پێك هێنا. "کوردستان" بۆ ئەم ژمارەیەی خۆی، هەڵبژاردەیەك لەو وتووێژە دەخاتە بەرچاوی خوێنەران. دەقی تەواوی وتوێژەکە لە سایتی "کوردستان میدیا"دا هەیە.**

## مستەفا شەڵماشی لە وتووێژ لەگەڵ سایتی "کوردستان میدیا"دا:

# پێکهێنانی بەرەیەك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەمەگیرو گشتی بێ نەك قوتبساز

**کوردستان :کاك مستەفا! حەز دەکەین لە سەرەتادا باسی ژیانی خۆت لە دەرەوەی وڵاتمان بۆ بکەی. کەنگێو بۆچی ڕێگای ژیان لە دەرەوەی کوردستانت هەڵ بژارد؟ ئەو ماوەیەت لە دەرەوە چۆن تێپەڕ کردوە؟ بە کورتی لە تێکۆشانی سیاسیو فەرهەنگیی خۆت لەو ماوەیەدا لە دەرەوە، بۆمان بدوێ.**

**وەڵام:** زۆر سپاستان دەکەم کە بە پێویستتان زانی لەسەر مەسەلە جۆربەجۆرەکانو هەروەها لەسەر ژیانو هەوڵەکانی خۆم لە دەرەوەی وڵات وتووێژم لەگەڵ بکەن. هیوادارم بتوانم لە ئاستی داخوازیو چاوەڕوانییەکانی ئێوەدا وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە.

دەبێ بڵێم لە ساڵی ١٩٨٦ی میلادییەوە من چوومە دەرەوەی وڵاتو لە هولەند نیشتەجێم. ئەگەر لە هۆی بناغەیی ئاوارە بوونی منو دەیان هەزار کوردی دیکە بکۆڵینەوە، دەکرێ بڵێین ژێرچەپۆك بوونی گەلەکەمانو داگیرکردنی وڵاتەکەمان هۆی سەرەکیی ئاوارە بوونمانە. تێپەڕاندنی سنوورەکانی کوردستانیش گەلێك هۆی نێوخۆییو دەرەکیی هەن کە لە چوارچێوەی وتووێژێکدا ڕوون کردنەوەیان زۆر دژوارە، بەڵام ئەم ماوەیەم لە دەرەوە چۆن تێپەڕ کردوە؟ دەتوانم بڵێم پێنج ساڵی هەوڵم بە فێربوونی زمانو خوێندن بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی هولەندی لە بواری پسپۆڕیی خۆمدا کە "سیستمی زانیاریی نەخشەبەرداری" بوو، بەسەر برد. لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لەم بوارەدا لە یەکێك لە شارەکانی هولەندا کار دەکەم. دواتر لە بواری "سیستمی زانیاریی جوغرافیاییدا" هاوکات لەگەڵ کارکردن خوێندنم درێژە داوە بۆ وەرگرتنی ماستەر لەم بوارەدا.

لە تێکۆشانی سیاسیو فەرهەنگییشدا بە گوێرەی توانا هەوڵم داوە. بۆ وێنە بەشداری کردن لە پێك هێنانو بەڕێوەبردنی ئەنجومەنێکی فەرهەنگیو بڵاوکردنەوەی گۆڤارێك بە ناوی "ئاوارە" کە دە ژمارەی لێ دەرچوو. بەشداری کردن لە کۆمەڵەی کوردی ـ هولەندیدا بە ناوی "کوردن براو" کە لە سەردەمی کۆچە گەورەکەی باشووری کوردستانداو پاش ڕاپەڕین یارمەتییەکی باشی بەو بەشە لە کوردستان کرد. بەشداری کردن لە کومیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەی نەتەوەییدا کە دەکرێ هەوێنی پرسیارێکی جیاواز بێ تا لەوێدا بە درێژتر باسی بکەم. بەشداری کردن لە چەندین سمیناری فەرهەنگیو سیاسی لە سەر کوردو کوردستان لە هولەندو دەرەوەی هەلەند. کە دوو باسی ئەو سمینارانە یەکێکیان بە ناوی "لێکۆڵینەوەیەك لە سەر کوردستانی ئێران"و دووهەم بە ناوی "چۆنیەتی دامەزراندنی دیموکراسیو حکوومەتی قانوون لە ئێراندا" بڵاوکرانەوە. هەروەها بەرگی یەکەم لە ڕۆمانی "ژیانو خەبات" لە تیراژێکی کەمدا لە ئورووپا بڵاوبۆتەوە. جگە لەمانەش هەر چالاکییەك بۆ کورد کرابێو داوا لە من کرابێ، بەشداریم تێدا کردوە.

**کوردستان: وەك فەرمووت جەنابت یەکێك لەو کەسانە بووی کە لە پێك هێنانو ئامادە کردنی "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد"دا نەخشیان هەبوو. دەتوانین بڵێین ئەو ئەزموونە، یانی پێکهێنانی ئورگانیزاسیۆنێك کە نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوەی کورد بکا، سەرکەوتوو نەبوو. چونکە نەیتوانی هەموو هێزە سەرەکییەکانی کورد لێك کۆبکاتەوە. دەکرێ هەڵسەنگاندنی خۆتمان لە بارەی ئەو ئەزموونەوە بۆ باس بکەی؟**

**وەڵام:** پێکهێنانی ئورگانێکی نەتەوەیی بە هەر ناوێکەوە بێ، بۆ گەلی کورد پێداویستییەکی مێژووییە. دامەزراندنو ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەسەرەتادا زۆر پێشوازی لێ کراو هیوایەکی دابوو بە کوردەکانی دەرەوەی وڵات. بەداخێکی گرانەوە وەك پێویست بوو، حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ نەکردو هەوڵیان نەدا بیکەنە ڕێکخراوێکی ئەوتۆ کە بتوانێ وەك نوێنەری هەموو نەتەوەی کورد دەنگی خۆی بەرز بکاتەوەو بەرگری لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بکا لە دەرەوەیوڵات.

من ماوەی دوو ساڵو نیو لە کومیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەدا بووم. لەو ماوەیەدا زەحمەتێکی زۆرمان کێشا. بەتایبەت کەسایەتییە بێلایەنەکان هەوڵێکی زۆریان داوو تەنانەت دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەکیش باش دەچووە پێش، بەڵام مخابن کێشەو دووبەرەکی لە نێو پارتو ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە لایەکو پاوانخوازیو فەرز کردنی قازانجی ڕێکخراوەیی بە سەر قازانجی نەتەوەیی لە لایەکیترەوە، کارێکیان کرد کە کۆنگرەی نەتەوەیی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست نەهێنێو لە چوارچێوەیەکی بەرتەسكدا بمێنێتەوەو بە ئامانجەکانی خۆی نەگا.

گومان لەوەدا نیە کە تا بەشی زۆری ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەتی ڕێکخراوە بەهێزەکانی مەیدانی جوولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان پشتیوانی لە ئورگانێکی ئەوتۆ نەکەن، هەرگیز سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ. بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم تا لانی کەم سێدانە لە چوار حیزبە گەورەکەی کوردستان واتە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو کادك، پشتیوانی لە ئورگانێکی ئەوتۆ نەکەن، ناتوانێ بە جۆرێك لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا جێ پێی خۆی بکاتەوە، کە وەك دەنگی هەموو نەتەوەی کورد چاوی لێ بکرێ. هیوادارم ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان باش بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوەو بۆ پێك



هێنانو چالاك کردنی ڕێکخراوێکی ئەوتۆ تێبکۆشن. جا ئەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو کۆنگرەیە بێ، یا بە ڕێککەوتن لەسەر شتێکی تازە، بۆ گەلی کورد جیاوازی نیە. گرنگ ئەوەیە کە نەتەوەی کورد یەك دەنگی هاوبەشی هەبێ لە دەرەوەی وڵات.

**کوردستان: پێویستی پێکهاتنی بەرەیەك یا ئیئتلافێك لە نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، ئەمڕۆژانە یەکێك لە باسو مەسەلە گەرمەکانە. گومانم نیە جەنابیشت تا ڕادەیەك لە بیروڕاو هەڵوێستی حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییەکان ئاگاداری. دەکرێ بیروڕاو سەرنجەکانی خۆت لە بارەی ئەو گەڵاڵەو هەڵوێستانەی لەو پێوەندییەدا هاتوونە گۆڕێ، دەربڕی. ئەم هەوڵانە لە چ حاڵەتێکدا دەتوانن سەرکەوتوو بنو بە ئاکام بگەن؟**

**وەڵام:** من زۆربەی بیروبۆچوونەکانم خوێندوونەوە. کەسایەتییەکان داواکانیان ڕوونە، ئەویش یەکگرتنی هێزە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام بۆچوونی ڕێکخراوە سیاسییەکان تا ئێستا هێندێك لێك دوورە. ئەوەی من دەی بینم زۆرتر دەچنە نێو وردەکارییەوەو هەرکەس دیسان دەیهەوێ بەرنامەی خۆی بەرێتە پێش. هێندێك ڕێکخراوی سیاسی هەر لەو کاتەدا کە داوای پێك هێنانی بەرە دەکەن، لەگەڵ هێندێك ڕێکخراویتردا شەڕە قسەیان هەیە.

بە باوەڕی من پێکهێنانی بەرەیەك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەمەگیرو گشتی بێ، نەك قوتب ساز. پێویستە تەواوی پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆیدا جێبکاتەوە. جگە لەوە پێویستە کەسایەتییە سیاسیو خەباتگێڕەکانیش بە شێوەیەکی چالاك تێیدا بەشدار بنو ببنە هەوێن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ئەوتۆ.

گرنگ ئەوە نیە کە هەچی زووتر شتێك ڕابگەیەنرێ. گرنگ ئەوەیە کە هەرچی زووتر لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا هاوکاری دەست پێ بکرێو پاشان پێکەوە گەڵاڵەی بەرنامەیەك یا یەکگرتنێکی نەتەوەیی داڕێژن. مایەی ئەو گەڵاڵەیەو ڕوحی ئەو پرۆژەیە، دەبێ قازانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. پێویستە هێزە سیاسییەکان خۆبپارێزن لە سەپاندنی بەرنامەکانی خۆیان یا کێشە کردن لە سەر ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیان. با لە پێشدا بە هەموان کوردستان ڕزگار کەن، پاشان هەر کامیان بە ئاسانی دەتوانێ بۆ بەرەپێش بردنی ئامانجەکانی خۆی خەباتی ئاشکرا بکا.

**کوردستان: کاك مستەفا! ڕووداو ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو ناوچە، لەسەر ژیانی سیاسی و خەباتو تێکۆشانی گەلی کوردیش تەئسیریان هەبووە. لێکدانەوەی جەنابت ـ بەسەرنجدان بەو ڕووداو ئاڵوگۆڕانە ـ لە بارەی داهاتووی سیاسیی گەلی کوردەوە چیە؟ ڕەوتی ڕووداو ئاڵوگۆڕەکان گەلی کورد بەرەو کوێ دەبەن؟**

**وەڵام:** ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو ناوچە لە دوو دەهەی ڕابردوودا بە خۆشییەوە بە قازانجی جوولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بوون. من ئاسۆی داهاتوو گەش دەبینم. پێم وایە زەمینەیەکی لەبار پێك هاتوە بۆ نەتەوەی کورد کە داخوازە ڕەواکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ. بەڵام هەر بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەشەوە شێوەی خەبات گۆڕاوە. ئێستا سەردەمی ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێنە مەیدان. سەردەمی ئەوە بەسەرچوو کە چاویان لە کۆمەڵێك شۆرشگێڕی پێشمەرگەی لەخۆبردوو بێ، کە بچنە شاخو ئازادییان بۆ بستێنن. دیارە نەخشی پێشمەرگە ئێستاش زۆر گەورەیە، بە تایبەت لە پێشەنگی کردنی جوولانەوە، نواندنی هێزی جوولانەوەو پاراستنی دەسکەوتەکاندا.

ئەوەی کە گەلی کورد تا کوێ کەڵکی لەو ئاڵوگۆڕانە وەرگرتووەو لە چ پلەیەکدا دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی وەدی بێنێ، پەیوەندی هەیە بە هێندێك فاکتەری دەرەکیو ناوخۆیی. ئەم فاکتەرانەش لە پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا، جیاوازن. لە باشووری کوردستان هەلومەرجێك ڕەخساوە کە گەلی کورد بە زۆر لە مافە ڕەواکانی خۆی گەیشتوەو گومانم لەوەدانیە کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا بە مافی یەکسان لەگەڵ نەتەوەی سەردەست لە عێراقدا، دەگا. لانی کەمی داخوازیی گەلی کورد لە عێراق فیدراڵیەکی نەتەوەیییە، کە پێم وایە زەمینەی باشی هەیەو لە داهاتوویەکی نیزیکدا وەدی دێ. کوردیش دەبێ ئەم هەلومەرجە بقۆزێتەوە، یەك بگرێ، دووحکوومەتی وەلانێو ئەم ئەزموونە کە لە نیوەڕێی سەرکەوتن دایە، بە لووتکەی سەرکەوتن بگەیەنێ.

لە پارچەکانیتری کوردستانیشدا هەلومەرج لە جاران زۆر لەبارترە. کاتی ئەوە هاتوە کە کۆمەڵانی خەڵك بێنە مەیدانو داوای مافی خۆیان بکەن. هێزە سیاسییەکانی یەك بگرنو بەرنامەی ئەم قۆناغە بدەنو ڕێنوێنیی خەڵك بکەن بۆ هاتنە مەیدان. یارمەتی بدەن کە ئەزموونی کوردستان سەرکەوێو ببێتە ئولگۆ بۆ پارچەکانیتر.

کاتی ئەوە هاتوە کە هەموو هێزە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان لێك نیزیك بنەوە. دەست لە دژایەتی کردن لەگەڵ یەکتر هەڵگرن. پەیوەندی نەتەوەیی پێك بێنن. دەست لە کاروباری یەکتر وەرنەدەن. نوسخەی خۆیان بۆ پارچەکانیتر نەنووسن. لەجیاتی ئەوە هێزەکانی مەیدانی خەبات یەك بگرنو یارمەتیی یەکتر بدەن. پێویستە ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، گرنگی زۆرتر بدەن بە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانییەکان، هێزی هاوپەیمانانو ئوپۆزیسیۆنی جارانی عێراق (هێزی حاکمی ئێستا)، هەتا وڵاتە دراوسێکان کە غەیرە نیەتی خراپ نیانە.

هێزە کوردستانییەکانیش، هەموویان دەبێ پشتیوانی ئەزموونی باشووری کوردستان بن. ئەگەر ئەمانە لەبەر چاوبگیرێن، پێم وایە گەلی کورد لانی کەم دەتوانێ هیوادار بێ کە فیدراڵی بەدەست بێنێو بەبێ ترسیش بڵێ ئەگەر داوای سەربەخۆیی بکەم، ئەوە مافی خۆمە.

**کوردستان: بەبڕوایجەنابت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران توانیوێتیو دەتوانێ ڕێبەرایەتیو نوێنەرایەتیی سیاسیی خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران بکا؟**

**وەڵام:** حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خۆشەویستترینو بەنفووزترین حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە. من دەتوانم بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەم پشت بە سێ فاکتەر ببەستم. یەکەم لە تەنیا هەڵبژاردنێکدا کە تا ئێستا کراوە، ئەمە سەلمێنراوە. دووهەم لەو پەیوەندییەدا کەلەگەڵ ناوخۆی وڵات هەم بوو ئەمەم بۆ دەرکەوتوە. سێهەم مەسەلەی نەتەوەیی کە حیزبی دیموکرات هەمیشە ئاڵاهەڵگری بووە، ئێستا بووەتە داخوازی هەموو چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستانو بە تایبەت ڕووناکبیران پشتیوانی لێ دەکەنو ئامادەن لە پێناویدا خەبات بکەن. جگە لەمانەش حیزبی دیموکرات سەرەڕای تەواوی ئەو گیروگرفتانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆی هاتۆتە پێش، توانیویەتی بە خاوێنی خۆی ڕابگرێو درێژە بە خەبات بدا.

دیارە لە مەیدانی خەباتی سیاسیی کوردستانو لە نێو جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا حیزبو ڕێکخراوی سیاسی تریش هەن، کە هەر کام بە گوێرەی تواناو نفووزی خۆیان لە جوولانەوەدا بەشدار بوون. باشترین ڕێگا بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوەیە کە هەموو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ڕێکخراوێکی نەتەوەییدا یەك بگرنو هێزەکانیان بکەنە یەك.

**کوردستان: حیزبی ئێمە بەرەو کۆنگرە سێزدەهەمی خۆی دەچێ. وەك ڕووناکبیرو سیاسییەکی ناسراوی کوردو وەك تێکۆشەرێکی دێرین کە عەلاقەی تایبەتیت بە پێشکەوتنی حیزب هەیە، چ چاوەڕوانییەکت لە کۆنگرەی سێزدەهەم هەیە؟**

**وەڵام:** کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لەهەلومەرجێکی زۆر مێژووییو قۆناغێکی ئێکجار گرنگدا دەگیرێ. ئەو کۆنگرەیە لانی کەم پێویستە سێ هەنگاوی گەورە هەڵێنێتەوە. یەکەم، گونجاندنی دروشمو ستراتیژییەکەی لەگەڵ سەردەم. ماوەیەکی زۆرە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ستراتیژیو دروشمەکانی خۆی هەڵنەسەنگاندوون. پێویستە ئەمجارەیان بە وردی دروشمەکانی شی بکاتەوەو بە پێی ئەم قۆناغە لە خەبات دایان ڕێژێتەوە.

دووهەم، پێویستە بەرنامەیەکی تازە بۆ درێژەدانی خەبات لە هەموو بوارەکاندا دابڕێژێ. میتۆدو ڕێگای تازە کە لە گەڵ ئەم قۆناغە لە خەبات بگونجێن هەڵبژێرێو بە شێوەیەك کە لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێ کار بکا.

سێهەم، دەبێ هەوڵ بدا ڕێبەرایەتیی حیزب بە هێز بکا، چ بە دانانی سیستمێکی تازەی بەڕێوەبەری، چ بە بەهێزکردنی ئەو ئورگانانەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێبەرایەتی کاردەکەن یا بە بەهێزکردنی خودی ئورگانی ڕێبەرایەتی لە باری چۆنیو چەندییەوە.

دەست کردن بەو پرۆسەیە پێویستە لە ئێستاوە بێ. ئەرکی پێش کۆنگرە دەبێ ئەوە بێ کە هەوڵ بدرێ بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی پڕنێوەرۆك. دەبێ هەوڵ بدرێ کە ڕادەی زانیاریو تێگەیشتنی سیاسیی ئەندامانی کۆنگرە لەسەرێ بێ. بەشدارانی کۆنگرە لە پێشەوە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئاڵوگۆڕانە ئامادە بکرێنو پێشتر بە گەڵاڵەی ڕێكوپێك چوارچێوەی ئاڵوگۆڕەکانیان بۆ ڕوون بکرێتەوە.

**کوردستان: کاك مستەفا! لەوە کە داوای ئێمەت بۆ وتووێژ قبووڵ کردو وەڵامی هەموو پرسیارەکانت داینەوە، سوپاست دەکەین. حەز دەکەین وەك دواپرسیار پێمان بڵێی، کوردستانی ئازادو حیزبی دیموکراتت لەم سەفەرەتدا چۆن بینی؟ ئایا ئەم سەفەرەو ئاکامەکانی، ئەو پرسیارەیان لە مێشکتدا نەخوڵقاندوە کە "تا کەنگێ دوور لە کوردستان دەژی"و ئایا وەختی ئەوە نەهاتوە بگەڕێیەوە کوردستانو لەو جێیەی میللەتەکەت پێویستی زیاتری پێتە، درێژە بە تێکۆشان بدەی؟**

**وەڵام:** منیش سوپاستان دەکەم. ئەوەی لەم سەفەرەمدا لە کوردستانی ئازاد دیم، بە وەڵامی پرسیارێك باس ناکرێ. بە کورتی دەڵێم لە خۆشیان "شاگەشکە" بووم. دیدار لەگەڵ حیزبی دیموکراتو هاوڕێیان، بە ئەندازەی یەك دنیا شادیان کردم. جگە لەوە پێم خۆش بوو کە هەر ئەوەم دی لە حیزبی دیموکرات کە چاوەڕوان دەکرا. بە خۆشییەوە وەزعی حیزب باش دەبینمو هەرچەند لە ساڵەکانی ڕابردوودا گوشارێکی زۆر خراوەتە سەر حیزب، بە باشی لەو تاقی کردنەوەیە سەری هەڵێناوەو بە خۆڕاگرییەوە ڕاوەستاوە.

سەبارەت بە گەڕانەوەم بۆ کوردستان، ئاواتێکی لەمێژینەیەو هیوایەکە بۆ من، بەڵام دەبێ گیروگرفتە سیاسیو شەخسییەکان مۆڵەت بدەنو ئیمکان پێك بێ. دیسان سوپاستان دەکەم.

***

# پێشنیار بۆ پارلمانی سوئێد

لە لایەن "لۆتتا هێدستڕۆم"ەوە باسێك لەگەڵ حیزبی ژینگە، حیزبی گەلو حیزبی دێموکرات مەسیحیی سوئێد لە سەر مەسەلەی کورد هاتە گۆڕ کە پاش تاوتوێ کردنی ئەو مەسەلەیە لە لایەن تێکڕای ئەو حیزبو کەسایەتیانەوە بڕیاردرا کە چەند پێشنیارێك لەو پێوەندییەدا بە پارلمانی سوئێد پێشکێش بکرێ تا لە کۆبوونەوەی مانگی ٢ی ساڵی ٢٠٠٤دا باسی لە سەر بکرێو بڕیاری لە سەر بدرێ.

پێشنیارەکانی ئەم حیزبانەی سوئێد بۆ پارلمانی ئەو وڵاتەو لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد لە ئێراندا ، سەرەتایەكو باسێکی کورت لە سەر وەزعی کورد لە ئێرانو پاشان چەند خاڵی دیاریکراوی لە خۆی گرتووە. سەرنجی بینەرانو خوێنەرانی سایتی "کوردستان میدیا" بۆ ناوەرۆکی ئەم پێشنیارانە رادەکێشین.

## لە خەباتی کوردەکانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان پشتیوانی بکەن

### سەرەتا

دەورانی ئێمە، دەورانی دانپێدانانی مافەکانی مرۆڤە لە ناوەندە جیهانییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ لەو وڵاتانەدا ئەم رەوتە دێموکراتیانە هێشتا جێ‌پێی خۆیان نەکردۆتەوە، وڵاتی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانە.

هەر لە سەرەتای گەشەکردنی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ئێران کە بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چووە، ئامانجی ئەم جووڵانەوەیە ئەوە بووە کە لە ئێرانێکی ئازادو دێموکراتدا مافەکانی گەلی کورد دابین بکرێ. لە ماوەی نزیك بە ٦٠ ساڵدا گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆی خەباتی کردوەو زەبروزەنگی رێژیمەکانی ئێران نەیانتوانیوە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانی خۆی رابگرن، سەرەڕای ئەوەش رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پشتیوانیی گرنگو پێویستی خۆی لە خەباتی گەلی کورد دریغی کردووە.

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. لە ئێراندا چەند نەتەوەیەك دەژین کە خاوەنی زمانی جیاوازنو باوەڕیان بە ئایینی جۆراوجۆر هەیەو کولتووری جیاوازیان هەیە. گەلانی ئێران هەزران ساڵە پێکەوە دەژین، ئەم پێکەوە ژیانە دیاردەیەکی ئاشتیخوازانەی هەبووەو لە پرۆسەیەکی دینامیکیدا بەڕێوە چووە کە بۆتە هۆی ئاڵوگۆڕی سیاسیو کولتووری. گەلانی ئێران بە گشتی خۆیان بە ئێرانی دەزاننو هەموویان بەیەکەوە خەڵکی ئێران پێك دێنن، بەڵام لە ماوەی چەند سەد ساڵی رابردوودا فارس زمانەکان دەسەڵاتی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتیان بە دەستەوە گرتوەو هەر لەو کاتەشدا دەسەڵاتی خۆیانیان بە سەر گەلانی دیکەی ئێراندا سەپاندوە.

### هەلومەرجی گشتی لە کوردستانی ئێراندا

نزیکەی ٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر کاتێك کە بۆ یەکەمجار کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆرییەکانی سەفەویو عوسمانیدا دابەشکرا، کوردستان بۆ یەکەمجار سەربەخۆیی لە دەستدا. لەو کاتەوە گەلی کورد بە گشتی دوچاری زەبروزەنگی زۆر هاتوە لە بوارەکانی سیاسیو ئایینیو . . . زەبروزەنگو زوڵمو ستەمی چەند سەد ساڵەی داگیرکەرانی کوردستانو گرتن، کوشتنو ئەنفال نەیانتوانیوە پێش بە گەلی کورد بگرن کە زمانو کولتووری خۆی پەرەپێبداو لە لەناوچوونو لەبیرچوونەوە بیپارێزێ.

رێژیمی ئیسلامیی ئێران تێدەکۆشێ یاسا کۆنە پەرستانەکانی خۆی وەك دێموکراتیترین رێژیمی جیهان بە دونیا بناسێنێ، تەنیا بەڵگەی رێژیم بۆ ئەو ئیددیعایە ئەوەیە کە وا دەنوێنێ رێژیمی ئیسلامی بە پێی قورئانو شەریعەت رەفتار دەکا. لە حاڵێکدا ئەو رێژیمە یەکێك لە دژی دێموکراتیترین رێژیمەکانی جیهانە کە تا ئێستا بە لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ، رێزێکی بۆ مرۆڤ دانەناوەو سیاسەتی سزادانی بەکۆمەڵ، لە سیاسەتی رۆژانەی خۆی بەڕێوە دەباو ئەو خێزانانەی ئەندامێکیان چالاکیی سیاسی دەنوێنێ، لە رێگای بەکرێگیراوانو دەزگا سەرکوتکەرەکانیەوە دووچاری ئەزیەتو ئازاری لە بڕان نەهاتوویان دەکاو بە سیاسەتی زەبرو زەنگو ئەشکەنجە رەفتاریان لەگەڵ دەکا. ئەم سیاسەتە هیچ بناغەو بنەمایەکی یاسایی نیەو هیچ بنەمایەکی واقیعیشی نیەو تەنیا لە لایەن بەڕێوەبەرانی رێژیمەوە بەڕێوە دەچێ. ئەو کەسانەی کە دوچاری ستەمی دەزگاکانی زەبروزەنگی رێژیم دەبن، مافی ئەوەیان نیە کە پارێزەریان (وەکیل) هەبێو بە درێژایی چەندین ساڵ لە زینداندا رادەگیرێن بێ ئەوەی کە دادگایی بکرێن.

رێژیم سیاسەتی تیرۆر بە دژی ئەو کەسانەی کە رەخنەی لێدەگرن، بەڕێوە دەباو چەندین کەسی لە ئورووپا تیرۆر کردوە. تیرۆری عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە شاری ڤییەن لە سەر مێزی گفتگۆ لەگەڵ رێژیمداو هەروەها تیرۆری محەممەدسادق شەرەفکەندی لە بەرلین دوو بەڵگەی زیندووی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامین.

کۆمەڵگای ئێران تووشی بێکاری گشتی بووە، بە تایبەت لە کوردستاندا ئەو دیاردەیە بەرچاوترەو گیروگرفتی دیکەی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی زاڵە بە سەر کۆمەڵگای ئێرانداو بە تایبەتی بە سەر کۆمەڵگای کوردەواریدا لە کاتێکدا کە داهاتی نەوت خەرجی چەکی ئەتۆمی دەکرێو رێژیمی مەلایان چارەسەری گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان ناکەن. بە پێچەوانەوە رێژیم بە ئاشکرا سیاسەتی پەرەپێدانی ئیعتیادی گرتۆتەبەرو زۆربەی لاوانی کورد لە خەونیشدا ئارەزووی چوونە زانکۆیان بۆ وەدی نایە.

سیستمی خوێندنو پەروەردەکردن لە ئێراندا کارامەیی نیەو تەنیا ئەو کەسانە کە پشتوانی لە رێژیم دەکەن مافی خوێندنیان لە زانکۆکاندا هەیە، زمانی کوردی لە مەدرەسەکاندا ناوترێتەوەو رۆوژنامەو نوسراوە بە کوردی دەرناچن.

چالاکیی فەرهەنگی دەبێ لە کاناڵی سانسۆری رێژیمدا لە بێژنگ بدرێ، ئەو رۆژنامەنووسانەی کە سەر بۆ رێژیم دانانەوێننو لە سەر رەخنەگرتن لە رێژیم سوورن، دەبنە ئامانجی تیروتانەو ئەشکەنجەو زیندانی دەکرێن.

کوژرانی رۆژنامەنوسێکی کانادایی لەم مانگەی دواییدا لە شاری شیراز بەڵگەیەکی زیندوویە.نەبوونی مامۆستای پسپۆر لە قوتابخانەکاندا بەرچاوە، زۆر لە گوندەکان قوتابخانەیان تێدا نیەو خەرجی خوێندن لە سەرێیەو کەرەسەی خوێندنیش گرانەو دەستیش ناکەوێ. رێژیم لە هەموو جۆرە فێڵو تەڵەکەیەك کەڵك وەردەگرێ بۆ ئەوەی کۆسپ بخاتە سەر رێگای لاوانی کورد بۆ ئەوەی نەتوانن بچنە قوتابخانە، هەروەها رێژیم دەرگای قوتابخانەکان لە سەر منداڵانو لاوانی کورد دادەخا.

بوودجەی پەروەردەو فێرکردن زۆر کەمەو رێژیم تێدەکۆشێ ئەم بەشە لە بوودجە تا دەکرێ کەمتر بکاتەوە، ئەوە لە کاتێك دایە کە کاری منداڵان زۆر باوە، چونکە زۆربەی خێزانەکان دەستیان ناڕوا منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە.

سوئید وڵاتێکە بە پێی عورفو عادەت نیشانی داوە کە لە بواری نێونەتەوەیییەوە چالاکەو هاوکاریی ئەو وڵاتە بۆ وەدیهاتنی دێموکراسی لە دنیادا بەرچاوە. سوئێد دەتوانێ لە رێگەی هەڵوێستی خۆی لە مەیدانی نێونەتەوەییدا چالاکی بەرچاو لە خۆی نیشان بداو بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێراندا. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا کێشەی کوردەکانی ئێران لەبەر هێندێ هۆی تایبەتی خراوەتە خانەی فەرامۆشییەوە. شتێکی گرنگ لێرەدا بەکارهێنانی سەرکوتی نیزامی دژ بەگەلی کورد لە لایەن رێژیمەوەیە، لەلایەکی دیکەشەوە گوێئاخنینی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئیهمال کردنی کێشەی کورد بۆتە هۆیەکیتر.

کەوابوو وڵاتی سوئێد دەتوانێ رۆڵێکی بەرچاوو چالاکی هەبێ لە ناو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهاوبەشیی ئورووپاو لە مەیدانەکانیتری نێونەتەوەییشدا وڵاتی سوئێدو دەوڵەتەکەی ئەرکێکی مرۆڤایەتییان لە سەرشانەو بۆ ئەوەی کێشەی کوردەکانی ئێران بخەنە سەر لیستەی باسی سیاسیو هەروەها ئەو وڵاتە ئەرکێکی ئەخلاقیشی لە سەر شانە، لەمەڕ پشتیوانیکردن لە خەباتی کوردەکانی ئێران بۆ سەندنی مافەکانی خۆیان.

### پێشنیار بۆ پارلمان:

١ ـ پارلمان رای خۆی بە دەوڵەت رادەگەیەنێو لە سەر ناوەرۆکی ئەم پێشنیارە سەبارەت بەوەی کە دەوڵەتی سوئێد بە هاوکاریی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو بازاری هاوبەشی ئورووپا بە تەواوی تواناوە هەوڵ بدا بۆ دابینکردنی مافی مرۆڤی کورد لە ئێراندا.

٢ ـ پارلمان رای خۆی بە دەوڵەت رادەگەیەنێو بە پێی ئەوەی لەم پێشنیارەدا هاتوە، دەوڵەتی سوئێد بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو رێکخراوەکانی دیکەی نێونەتەوەییدەبێ هەوڵ بدا بۆ ئەوەی کوردەکان لە ئێراندا مافی بەڕێوەبردنی کولتووری خۆیان هەبێ بێئەوەی کە شارەزایانی کورد لە سەر ئەوە سزا بدرێن.

٣ ـ پارلمان رای خۆی بە دەوڵەت رادەگەیەنێ بە پێی ئەوەی لەم پێشنیارەدا هاتوە" دەوڵەتی سوئێد بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو رێکخراوەکانی دیکەی نێونەتەوەیی دەبێ هەوڵ بدا بۆ ئەوەی کوردەکان لە ئێراندا مافی ئەوەیان هەبێ بە زمانی کوردی بخوێننو بنووسنو زمانی کوردی بە رەسمی لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێ.

٤ ـ پارلمان رای خۆی بە دەوڵەت رادەگەیەنێو بە گوێرەی ناوەرۆکی ئەم پێشنیارە دەوڵەتی سوئید دەبێ بە هاوکاریی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو بازاری هاوبەشی ئورووپا هەوڵ بدا بۆ ئەوەی مافەکانی کورد لە ئێراندا دانی پێدا بنرێو کورد لە ئێراندا مافی چارەنووسی هەبێ.

***

# لەبارەی سەفەری نوێنەری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران

**رامبۆد لوتفپووری**

ماوەیەك لەمەوبەر هەواڵنێری ئازادی بیروڕای کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان "ئامبێئی لیگابۆ" لەگەڵ وەفدێکی هاوڕێیدا لەسەر داوای رەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەردانێکی ئەم وڵاتەی کردو بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی رەسمیو غەیری رەسمیی ئێرانیدا پێك هێنا کە هەرکام بە شێوەیەك لە ئاستی نێونەتەوەییدا ناسراون. ئەم هەواڵنێرە رۆژی چوارشەممە، ٥ی نوامبری ٢٠٠٣، چاوپێکەوتنەکانی خۆی دەست پێکردو پاش هەفتەیەك لە رۆژی دووشەممە، ١٠ی نوامبردا کۆتایی پێ هێنا. لە ئاکامدا نێردراوی تایبەتیی رێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، رایگەیاند کە خەریکی ئامادەکردنی راپۆرتێکی هەمەلایەنەیە سەبارەت بە رابردووی مافی مرۆڤ لە ئێرانداو وتی کە خەڵکی دەبێ بە تەمای راگەیاندنی ئاکامی لێکۆڵینەوەکانم بن کە لە مانگی مارسی ٢٠٠٤دا بڵاو دەبێتەوە.

لێرەدا ئەوەی کە جێگای سەرنجو شیاوی باسە، هەتا ئێستا چەند جار نوێنەرانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو هەواڵنێرانی ئەم رێکخراوەیە بۆ لێکدانەوەو چاوەدێریی بارودۆخی پاراستنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، هاتوونەتە ئەم وڵاتەو جگە لە ماوەی دوو ساڵی رابردووشدا نەبێ کە بە هێندێ هۆی تایبەتی، کۆماری ئیسلامییان مەحکووم نەکرد، هەموو جارێ ئەم دەسەڵاتەیان بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە بوارەکانی مافی ژنانو کەمایەتییەکانو دیلە سیاسییەکانو . . .و تاوانبار کردوەو کردەوەو ئاکاری کاربەدەستانی ئەم رێژیمەیان مەحکووم کردوە. ئەمە لە کاتێك دایە کە ئەم نوێنەرو هەواڵنێرانەی لەلایەن رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە هاتوونەتە ئێران، دەستیان بە هەموو بەڵگەکانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی رانەگەیشتوەو رێژیم رێگای پێ نەداونو نەیانتوانیوە سەردانی هەموو ناوچە ستەملێکراوەکان کەسایەتییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بکەنو بەسەر هەموو لایەنەکانی پرۆسەی لەبەرچاو نەگرتنو پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا ئاگادار بن.

یەکێك لە زەقترینو دیارترینی ئەو ناوچە ستەم لێکراوانە کوردستانە، کە نزیك بە چارەکە سەدەیەکە بە تاوانی مافە نەتەوایەتییەکانی لە ژێر توندترینو بێ بەزەییانەترین زەبرو سەرکوتی رێژیمی ئاخوندی دایە. بەڵام هەتا ئێستا رێژیم نەیهێشتوە ئەم نوێنەرانە بە ئازادی سەردانی ئەم ناوچانە بکەنو بارودۆخی مافی مرۆڤیان تێدا هەڵسەنگێنن. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەست داگرتنی بەسەر بەرهەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩داو پاڵدانەوەی لەسەر کورسیی دەسەڵات، بە دڕندانەترین شێوە دەستی بە قەڵاچۆکردنی نەیارانو رەخنەگرانی خۆی کردوەو بە هیچ شێوەیەك مەودای تێکۆشانی بە بیروبۆچوونی جیاواز لەگەڵ ئایدۆلۆژیای خۆی نەداوە.

ئەم شێوە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ جیابیرانو نارازییاندا، نەتەنیا هەموو هاوڵاتییانی ئاسایی ئێرانی دەگرتەوە، بەڵکوو تەنانەت کاربەدەستانو لایەنگرانی خۆیشی کە لە بەدیهێنانو پاراستنی ئەم دەسەڵاتەدا رۆڵی سەرەکیان هەبووەو بە دەیان جار تووشی ستەمو جینایەتیش بوون، ئەگەر بە ئەستەم لە رێبازی ویلایەتی فەقیهـ لایان دابێ یا دەنگو بۆچوونێکی جیاواز لەوەی ئەویان هەبووبێ، رێژیم دەستی لێ نەپاراستونو بەهەر چەشنێك بۆی لوابێ، هێرشی کردوونەتە سەرو سزای داون. کەسانێکی وەکوو: "بەنی سەدر، مونتەزیری، عەبدوڵڵای نووری، ئەکبەری گەنجیو . . ." چەن نموونەیەکی ئەم راستییەن.

ئەگەر رێژیم بۆ ئەم جۆرە کەسانە هێندێ خۆبواردنو نەرمکێشانی نیشان دابێ، دەرحەق بە جیابیرانی دەرەوەی دەسەڵات بە هیچ جۆرێك دەستی نەپاراستوەو هیچ مافێکی پێ ڕەوا نەدیون. بەتایبەت ئەم توندوتیژییەی رێژیم سەبارەت بە نەتەوەی کورد گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی خۆیو بە تەواوی گیانو ماڵی رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیەی بۆ خۆی بە حەڵاڵ زانیوەو زۆر بە توندی بۆ سەرکوتی ئەم نەتەوەو پێشێلکردنی مافەکانی دەستی داوەتە هەموو چەشنە جینایەتێكو هەموو جۆرە هەڵاواردنێکیشی بە ڕەوا زانیوە. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەسەڵاتییەوە هەتا ئێستا بە بیانووی جۆراوجۆری سیاسی، بە هەزاران کوردی گوللەبارانو ئیعدام کردوە، بە هەزاران رۆڵەی ئەم نەتەوەیە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، لە بەندیخانەکانی ئەم رێژیمەدا بە دیلی دەژینو هەموو چەشنە ئەشکەنجەو ئازارێکیان لەسەر تاقی دەکرێتەوە، بە هەزاران کەسیشی لە شارو ماڵی خۆیان دوور خستۆتەوە، یان لە بەشێك لە مافە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەشی کردون. هەر لەم چەند ساڵەی دواییدا بە دەیان رۆڵەی کورد لە شارەکانی کوردستاندا بە بیانووی جۆراوجۆری سیاسی ئیعدام کردوە. ئەمەش لە کاتێك دایە کە ماوەی ٢ ساڵە ئێران بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبار نەکراوەو رێکخراوی مافی مرۆڤ بە هیوای باشتربوونو بەرەوپێشچوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ بووە لە ئێراندا. بەڵام مخابن کە کۆماری ئیسلامی، ئەم نەرمیکێشانەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە هەلو دەرفەتێك بۆخۆی داناوەو ئەوەندەی دیکە پەرەی بە بازاڕی زەبرو سەرکوتو چەوساندنەوە داوە.

جیا لە نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە بە دەستی رێژیمی شۆڤینیستو نەتەوەی باڵادەست لە ئێراندا دەچەوسێنرێنەوە، کەمایەتییە ئایینیو مەزهەبییەکانیش لە ژێر تەوژمی رادیکاڵیزمی شیعەدا لە هەلومەرجێکی زۆر خراپدا دەژینو زەختێکی لە رادە بەدەریان لەسەرە. بۆ نموونە هەتا ئێستا بە سەدان مامۆستای ئایینی سوننی مەزهەب بە تاوانی بانگەشەو بەڕێوەبردنی مەزهەبەکەی خۆیان لە ناوچەکانی خۆیاندا گیراونو لە بەندیخانە دان یا فەلەوجووەکان کە بارودۆخێکی یەکجار خراپو نالەباریان هەیە. ئێستاش هێندێك لە ئایینەکان وەکوو بەهاییەت یا ئەهلی حەقەکان، بەڕەسمی نەناسراونو پێڕەوانی ئەم ئایینانە بە زۆر ناچار بە پاشگەزبوونەوە لە ئایینو بیروباوەڕەکانیان دەکرێنو، ئەگەر پاشگەز نەبنەوە رەوانەی بەندیخانەکانی رێژیمیان دەکەن. ژنان هێشتا لە زۆربەی مافە ئینسانییەکانیان بێبەری کراونو وەکوو مرۆڤی دەرەجە دوو دێنە ئەژمار. ئەمانەو دەیان نموونەی دیکەی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، پیشاندەری ئەو راستییەن کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا ناتوانێ، بەڵکوو هەر ناشیهەوێ خۆی لەگەڵ ئەم مافە ئینسانییانەدا بگونجێنێ. بنچینەو بناغەکانی ئەم نیزامە لەسەر هێندێك بنەماو پرەنسیپ دامەزراون کە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ یاساو قانوونە ئینسانییەکاندا جیاوازنو لە هێندێك بواریشدا دژایەتیشیان دەکا.

رێژیمێك کە لە وەلی فەقیهـ دەستوور وەردەگرێو ئەویش خۆی بە نوێنەری خودا لەسەر زەویدا دەزانێ، زۆر ئاساییە کە خۆی بە هیچ کام لە قانوونە ئینسانییەکانو یاسا نێونەتەوەییەکان نەبەستێتەوەو بە ئاسانی پێشێلیان بکا. زۆر جار کاربەدەستانی ئەم رێژیمە رایانگەیاندوە کە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، سەرچاوەی رۆژئاوایی هەیەو لەگەڵ یاسا ئیسلامییەکان ناگونجێو گوتوویانە کە کۆماری ئیسلامی بڕوای بە مافی مرۆڤی ئیسلامی هەیە!! (هەرچەن کە ئەم رێژیمە تەنانەت مافەکانی مرۆڤی لە روانگەی ئایینی ئیسلامیشدا، ئەویش بەو خوێندنەوە تایبەتییە کە خۆی هەیەتی نەپاراستوەو بەردەوام پێشێلی کردوون.)

کەوابوو هەرچەن هاتنی ئەم نوێنەرو هەواڵنێرانەی رێکخراوی مافی مرۆڤ بۆ ئێرانو بڕیارەکانیان دەتوانێ تا رادەیەك لە بڕێك قۆناغی کاتیدا تەوژمێك بخاتە سەر کۆماری ئیسلامیو لە هێندێك بواردا بۆ ماوەیەك پاشەکشەی پێ بکا، بەڵام بە درێژایی ئەم چەن ساڵەی کە ئەم نوێنەرانە هاتوونەتە ئێران، رای خۆیان دەربڕیوەو ئەو رێژیمەیان مەحکووم کردوە، دەرکەوتووە کە ئەم رێژیمە نە تەنیا ئاڵوگۆڕی لە کردەوەو قانوونەکانی خۆیدا پێك نەهێناوە، بەڵکوو لە زۆر کاتیشدا بە پێچەوانە جووڵاوەتەوەو بە دەمارگرژییەکی زۆرترەوە قانوونە نامرۆڤانەکانی بەکار هێناوەو تەنانەت لە هێندێك بواری وەك یاساکانی چاپو بڵاوکراوەکاندا نەتەنیا ئاڵوگۆڕی باشی تێدا پێك نەهێناون، بەڵکوو ئەوەندەی کە ئەم قانوونانەی بەرەو پاش بردوەو بەرتەسکی کردوونەتەوە.

بۆیە لەرێژیمو دەسەڵاتێکی ئەوتۆ چاوەڕوان ناکرێ کە بە رەفتارو سیاسەتەکانیدا بچێتەوەو گۆڕانێکی پۆزەتیڤ لە یاساو کردەوەکانیدا پێك بێنێ.

***

# "هەڵبژاردن" لە سایەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا

م. مەعرووفی

بەرەبەرە کە لە هەڵبژاردنی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی نزیك دەبینەوە، جێی خۆیەتی بزانین "هەڵبژاردن" لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا چ پێگەیەکی هەیەو بۆچی بەڕێوە دەچێ؟ مەگەر هەڵبژاردن میکانیزمێك نیە بۆ ئەوەی خەڵك بتوانن لە ڕێگەی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیانەوە لە بڕیارەکان‌و هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدا بەشدار بن؟ با بزانین بەڕاستی خەڵکی وڵاتی ئێمە دەتوانن لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکراتیکدا بەشدار بن؟ داخوا خەڵکی وڵاتی ئێمە دەتوانن نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن‌و چەندە دەتوانن لە بڕیارو هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدا بەشدار بن. سەرنجێکی کورت لە مەسەلەی "هەڵبژاردن" لە کۆماری ئیسلامیدا، وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بۆ روون دەکاتەوە:

لە سایەی ڕێژیمێکدا کە بە پێی قانوونە ئەساسییەکەی "مەجلیسی شوورای ئیسلامی بەبێ شوورای نیگابان ئیعتیباری قانوونیی نیە"[1] (ئەسڵی ۹۲)و ئەندامانی شوورای نیگابانیش نەك هەڵبژێردراوی خەڵك، بەڵکوو ڕاسپاردەو پیاوی بەردەستی ڕێبەری ڕێژیم‌و دانی دەسەڵاتێکی بێ‌سنوور بە ڕێبەر، بە پێی ئەسڵی ۱۰۹ی قانوونی ئەساسی، روونە کە "هەڵبژاردن" لە وڵاتی ئێمەدا چ مانایەکی هەیەو چەندە فڕی بەسەر دێموکراسییەوە هەیە.

ڕاستە بە پێی قانوونی ئەساسیی ڕێژیم، ئەو پۆست‌و ئورگانانەی هەڵدەبژێردرێن، وەك: سەرکۆماری، مەجلیس، شووراکانی شارو دێ، هێندێك ئەرك‌و بەرپرسایەتی‌یان بۆ دیاری کراوە. بەڵام ئەو ئەرك‌و سەلاحییەتانە بەستراونەتەوە بەو بەندو ئەسڵانەی قانوونی ئەساسی کە لەواندا ڕێبەر دەسەڵاتی "فتوا"، "عەزل"و "نصبی" پێ دراوە. "شوورای نیگابان"و "مجمع تشخیص مصلحت نظام" دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی هەموو پەسندکراوەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامییان هەیە، ئەویش ئەگەر نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکی لێ بێ.

بۆ مێژوو پێویستە ئەوە وەبیر بێنینەوە کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران تەنیا جارێك هەڵبژاردنێکی ئازادانە بۆ مەجلیس کە ئەو کات مەجلیسی شوورای میللی بووو بۆ مەجلیسی "مؤسسان" بەڕێوەچوو. بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیم کە ئەو کات وردە وردە خەریك بوون دەسکەوتەکانی شۆڕش بە تاڵان بەرن‌و دەسەڵات بە تەواوی لە پاوانی خۆیان بنێن، هیچ کات نەیان‌هێشت نوێنەرانی خەڵکی ئازادیخوازو دێموکرات یەك لەوان خەڵکی کوردستان بچنە جێگەو شوێنی خۆیان.

لەوکاتەوە ئەم ڕێژیمە هیچ کات نەی‌هێشتوە هەڵبژاردنێکی ئازاد لە وڵاتدا بەڕێوە بچێ‌و هەموو جارێ یان مۆرە دڵخوازەکانی خۆی لە سندووقەکانی دەنگدان هێناوەتە دەر، یان هەرکات خەڵك بە دڵخوازی وان دەنگی نەداوە، حیسابێکیان بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵك نەکردوە. بەسەرهاتی مەجلیسی شەشەم‌و دەورەی یەکەمی شووراکانی شارو دێ‌و "مؤسسە نظرسنجی" بە سەرۆکایەتی عەباس عەبدی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ.

بەڵام پرسیارێك کە لێرەدا دێتە گۆڕێ، ئەوەیە: ڕێژیمێك کە ئەوەندە لە دەنگی خەڵك نیگەرانەو حیسابێك بۆ دەنگی خەڵك ناکا، بۆچی زەحمەتی هەڵبژاردن دەداتە بەر خۆی‌و بۆچی بە یەکجاری خۆی لەو سەرئێشەیە رزگار ناکاو بە یەکجاری دای‌ناخا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ هێندێك بۆ دواوە بگەڕێینەوەو سەرنجێکیش بدەینە بەر نیازو مەبەستەکانی ڕێژیم لە "هەڵبژاردن":

۱ـ ئەو کات کە قانوونی ئەساسی بۆ پەسندکران ئامادە کرابوو، هێشتا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی نەیان‌توانیبوو بەسەر چارەنووسی وڵاتدا زاڵ بن‌و مەیدان بە ڕەقبەرەکانیان لەنێوخۆی ڕێژیمەکەیاندا و ئۆپۆزیسیۆن چۆڵ بکەن. لە ساڵی ۱۳۶۸یشدا هێندێك لە ئەسڵەکانیان گۆڕی، چونکە کەسێکی ئەوتۆیان نەبوو جێگەی خومەینی پڕ بکاتەوە، هێزو دەسەڵاتێکی زیاتریان دا بە ڕێبەر. نەدەکرا لە لایەك ئەمە بکەن‌و لەلایەکی دیکەش ئەو هەڵبژاردنە رواڵەتی‌یانەش لە قانوونی ئەساسیدا بسڕنەوە. بەڵام لە جیاتی ئەمەی لە رابردوودا بۆ لەباربردنی "هەڵبژاردن" دەیان کرد، لە داهاتووشدا درێژەیان پێ دا.

۲ـ "هەڵبژاردن" یەکێك لە میکانیزمە هەرە بنەڕەتی‌یەکانی دێموکراسی‌یە. ئەمڕۆ دێموکراسی وەك فکرێکی غاڵب لە هەموو جیهاندا، ئەوەندە مەقبوول‌و جێگەی پەسندە، تەنانەت دوژمنەکانیشی ریاکارانە ئیددیعای دەکەن. بۆ بەخۆوەگرتنی رواڵەتێکی دێموکراتییانە پێویستە رواڵەتێکیش لە "هەڵبژاردن" هەبێ تا ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان ئیددیعای پێوە بکەن. لە خۆڕا نیە کە تەنانەت ئەو کاتانە کە خەڵك سندووقەکانی دەنگدان بۆ ئەو ڕێژیمە بە بەتاڵی دێڵنەوە، دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی ڕێژیم بە پێچەوانەی ڕاستی، باسی "بەشداریی کەم وێنەی خەڵك" لە هەڵبژاردندا دەکەن. ئەو کاتانەش کە خەڵك بەشدار دەبن بە تەواوی کەڵکی تەبلیغاتیی خۆی لێ وەردەگرێ.

۳ـ بۆ هەڵخەڵەتاندنی بیروڕای گشتی‌و ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە ڕادەی پێوەندیی سیاسی‌و ئابووری‌یەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دیکە بەستۆتەوە بە ڕادەی ڕێزگرتنی ئەو وڵاتانە لە بیروڕای خەڵك‌و ماف‌و ئازادی‌یەکانیان.

٤ـ بە وەڕێخستنی ڕقەبەرایەتی‌یەکی ناسالم لە کاتی هەڵبژاردنداو زەقکردنەوەی مەسەلە جوزئی‌و لاوەکی‌یەکان‌و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لەنێو چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکاندا، زەینی خەڵك لە مەسەلە گرنگ‌و گەورەکانی وڵات‌و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمەدا بەلاڕێدا دەبا. بە جۆرێك ئەسڵ‌و مەبەستی سەرەکیی "هەڵبژاردن" لەنێو کێشەو ململانێیە لاوەکی‌یەکاندا ون دەبێ. ئەم تاکتیکەش لە چەندین ڕێگەوە بەڕێوە دەچێ کە پێویستە ئیشارەیەکی کورتیان پێ بکەین:

الف) لەو ناوچانەی وڵاتدا کە باری عەشیرەیی بەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا زاڵە، ڕقەبەرایەتی‌یەکی عەشیرەیی پێك دێنێ،

ب) لەو ناوچانەدا کە پێڕەوانی دوو مەزهەبی جیاواز لە حەوزەیەکی هەڵبژاردندا هەن، ڕقەبەرایەتی‌یەکی مەزهەبی پەرە پێ دەدا،

ج) زەقکردنەوەی باری چینایەتیی کاندیداکان بۆ پێکهێنانی ڕقەبەرایەتیی چینایەتی،

د) جنسییەتی مرۆڤ وەك ژن یان پیاو پێکهێنانی ڕقەبەرایەتیی جنسییەتی،

هـ) ئیجازەدانێکی نیسبی بە کاندیداکان تا لە کاتی تەبلیغاتدا لە دروشم‌و وەعدەو بەڵێندا، تۆزێك خەتەسوورەکان ببەزێنن، بێ ئەوەی پاش سەرکەوتن هیچ چەشنە دەرەتانێك بۆ جێبەجێکردنیان هەبێ.

سەرەڕای هەمووی ئەمانەش مافی "نظارت استصوابی" بۆ شوورای نیگابان، واتە قبووڵکردن‌و ڕەتکردنەوەی سەلاحییەتی کاندیداکان، ئەسڵی "هەڵبژاردن"ی بە تەواوی لەبار بردوە. ئەگەر لە جەبهەیەکدا کۆماری ئیسلامی کاری بۆتە بەرپەرچدانەوەی دەنگی خەڵك‌و حیساب بۆ نەکردنی ڕەئی وان، لە جەبهەیەکی دیکەدا بە پاڵاوتنی کاندیداکان بە پێی "نظارت استصوابی" پێش بە کاندیدابوونی کەسانی ئازادیخوازو دێموکرات دەگرێ‌و ئیجازە نادا کەسانێك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن کە بە هاسانی نەتوانێ بەرپەرچیان بداتەوەو حیساب بۆ بڕیارو پەسندکراوەکانیان نەکا.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی هەمیشە کەڵکی خراپی لە "هەڵبژاردن" وەرگرتوە، بەڵام جێی خۆیەتی ئیشارە بەو ڕاستییەش بکەین کە هەرکات ڕێژیم مۆرەیەکی گرنگی خۆی بۆ هەڵبژاردن داناوەو دەیان فرت‌و فێڵی لە پێناوی سەرکەوتنیدا بەکارهێناوە، خەڵك هەر ڕاست لەبەر ئەوەی کە مۆرەی گرنگی ڕێژیمە، دەنگیان پێ نەداوە. بۆ نموونە شکستی ناتق نووری لە دووی جۆزەردانی ۷٦ لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌داو شکستی هاشمی ڕەفسەنجانی لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شەشەم لە زستانی ۱۳۷۸دا. بەڵام دەرکەوت کە ئەو مۆرە شکست خواردوویانە نەك هەر پاشەکشە ناکەن، بەڵکوو لە شوێنێکی گرنگترو لە پۆستێکی سەرەوەتر لەوەی کە خۆیان بۆ کاندیدا کردبوو، دادەنرێن. ئەو کەسانەش کە خەڵك لە ڕقی مۆرە ناسراوەکانی ڕێژیم دەنگی پێ داون ئەوەندە کۆنتڕۆڵ‌و بەربەست دەکرێن کە یان پاسیڤ بن یان ببنە مۆرەیەکی ناسراوی دیکەی ڕێژیم. هەربۆیە خەڵك بە تەحریمکردنی دووهەمین دەورەی هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێ نوختەیەکی کۆتایی‌یان لەپێش ئەو ڕەوتەش دانا.

هەڵبژاردنەکانی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەری دەخا کە ئایا ئەو ڕێژیمە چی دیکە دەتوانێ مانۆڕ بە "هەڵبژاردن" بداو خەڵکی وڵات چی دیکە ئیجازە دەدەن دەسکەوتەکانیان ببێتە گەپجاڕی دەستی کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە؟

***

# بێدەنگیی راگەیەنە گشتی‌یەکان لە ئاست کوشتاری خەڵکی کوردستان، جۆرێك ڕەوایی بەخشین بە جینایەتەکانی ڕێژیم نیە؟

عەلی بداغی

لە مانگی ڕابردوودا ڕەوتی سەرکەوت‌و کوشتاری خەڵکی بێ‌دەرەتان‌و بێدیفاعی کوردستان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامی‌یەوە، ڕەوتێکی خێراتری بەخۆوە گرتوەو ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە بۆتە شتێکی ئاسایی‌و ڕۆژانە.

هەروەك لە ژمارەکانی پێشووی "کوردستان"دا هاتبوو، ئێوارەی ڕۆژی ۲٤ی مانگی ڕەزبەر، کۆمەڵێك لاوی خەڵکی شاری سەردەشت کە لە ڕێوڕەسمی زەماوەندێکەوە بەرەو شار دەگەڕانەوە، بێ ئەوەی هیچ ڕەفتارێکی ناقانوونییان کردبێ، بێ بەزەیی‌یانە کەوتنە بەر ڕێژنەی گوللەی هێزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم‌و لە ئاکامدا ۳ کەس لەوان گیانیان لە دەست داو یەکێکی دیکەشیان بە خەستی بریندار کرا. دوو ڕۆژ بەسەر ئەنجامدانی ئەو تاوانە تێنەپەڕیبوو کە هەر لەو ناوچەیەدا، هێزە دژی گەلی‌یەکانی ڕێژیم بۆ جارێکی دی رووی چەکەکانیان لە خەڵکی بێ ئەنواو بێ‌دیفاعی شاری سەردەشت‌و سنە کردو سنگی چەند لاوێکی دیکەی کوردیان دابێژ دابێژ کرد. با ئەوەش بڵێین کە ڕوودانی ئەم کارەساتانە سەرەتای زنجیرە جینایەتێك نین کە لەلایەن هێزە مرۆڤکوژەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە کوردستان روو دەدەن، چونکە لەڕاستی‌دا کردەوە جینایەتکارانەکانی ڕێژیم لە کوردستان هەر بەوانە نابڕێنەوەو مێژووی ئەم ڕێژیمە پڕاوپڕە لە کردەوەی دزێوو جینایەتکارانەی لەم چەشنە.

هێرشی نیزامی بۆ کوردستان هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هێمای مەبەستە چەپەڵەکانی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو دەرەنجامی بیرە چەوتەکانی داڕێژەرانی ئەو نیزامە دەرحەق بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بوو. پاشان سەرکوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ئێران، سەپاندنی گەمارۆی ئابووری‌و قەڵت‌و بڕی خەڵی بێ‌تاوان‌و مەدەنیی شارو گوندەکانی کوردستان‌و گرتن‌و ئیعدامی ڕۆڵە ئازادیخوازو شۆڕشگێڕەکانی کوردو میلیتاریزەکردنی کوردستان بەشێکن لە دیاری‌یەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ گەلی کورد.

هەنووکەش ڕۆژانە خەڵکی کاسبکارو هەژاری کورد لە ناوچە سنووری‌یەکانی ئێران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە بەبێ لێپرسینەوە دەدرێنە بەر ڕێژنە گوللەو تەرمەکانیان لە شیوو دۆڵ‌و قەراغ ڕێگا دەبیندرێنەوە.

ئەوەی کە بەناو هێزە ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم بەبێ سڵکردنەوەو بێ‌ترس، دەسڕێژ لە خەڵکی بێ‌تاوان‌و هەژاری کوردستان دەکەن‌و دەیانکوژن، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە ئەو هێزانە لەلایەن گەورە بەرپرسانی ڕێژیمەوە دەسەڵاتی ڕەهاو تەواویان بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کردەوانە پێ دراوەو ناشێ ڕوودانی ئەو جۆرە کردارە جینایەتکارانەیە بەبێ پرس‌و دڵنیایی لەلایەن گەورە بەرپرسانی ڕێژیمەوە رووی دابێ، ئەگینا چلۆنە لە ماوەی ۲۵ ساڵی ڕابردوودا تاکە یەك کەس لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە تاوانی جینایەت دژی گەلی کورد، موحاکەمە نەکراوەو سزا نەدراوە؟ هەر ئەو جۆرە بیرکردەوانەی بەرپرسانی ڕێژیم کە بەڕێوبردنی سیاسەتە دژی گەلی‌یەکانیان ئەو ڕاستییەمان پتر بۆ دەردەخەن کە ڕێژیم قەت نەی‌ویستووەو نایهەوێ کوردستان بە بەشێك لە وڵاتی ئێران بزانێ‌و دانیشتوانی کوردستانیش لە ڕوانگەی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمەوە نەك هەر هاووڵاتی‌یەکی تەواو نین، بەڵکوو وەك دوژمن سەیر دەکرێن‌و ئەنجامی هەر جۆرە کردەوەیەك لەسەر ئەم گەلەو چارەنووسەی بەشتێکی سروشتی‌و ئاسایی دادەنرێ. بەڵام ئەوەی جێگای داخە،



ئەوەیە کە ئەنجامدانی ئەو کردەوە جینایەتکارانانە لە کوردستان لەلایەن ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی نێوخۆ بەتایبەت ئەوانەی خۆیان بە ئازادو سەربەخۆ یان ڕەخنەگر لە دەسەڵات دەزانن، بایەخی پێ نەدراوەو زۆر بە ئاسانی پشتگوێ دەخرێن‌و لایان لێ نەکراوەتەوە. وەك بڵێی لە خوێنخەڵتانی لاوانی کورد بە تاك‌و بە کۆمەڵ، لە دەسبەسەرکران‌و دەرچوونی حوکمی چەند مانگ زیندانی فڵان‌و فیسارە کەس بێ‌بایەخترە.

گەرچی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا گوشاری بیروڕای گشتیی جیهانی‌و ڕاگەیەنە گشتی‌و ناوەندە نێونەتەوەیی‌یەکانی جیهانی فشاریان خستۆتە سەر ڕێژیم، بەڵام بە داخەوە کوردستان هەموو کات بازنەیەکی داخراو بووەو ئەم ڕەوتی گوشارە بە هیچ شێوەیەك کارتێکەری‌یەکی لەسەر بەڕێوەچوونی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان نەبووە. ڕێژیم هەنووکەش بە متمانەو لێبڕاوی‌و بەبێ ترس‌و دڵەڕاوکێ درێژە بە کردەوە نامرۆڤانەکانی خۆی لە کوردستان دەداو لەوەش دڵنیایە کە کردەوەکانی دەنگدانەوەیەکی لە بیروڕای گشتی‌دا نیەو کوردستان ناوچەی داخراوی چاوەدێریی بیروڕای گشتی‌یە هەر بۆیەش لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتێك دژی ئەم گەلە لێقەوماوە ناپرینگێتەوە.

خۆلادانی ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی نێوخۆو دەرەوە لە ڕووداوەکانی کوردستان‌و بێدەنگی لە ئاست جینایەتەکانی ڕێژیم لەم بەشە لە وڵاتی ئێران، وەك سەرپۆشێك بۆ هاریکاری شاردنەوەی کردەوە نائینسانی‌یەکانی ڕێژیم سەیر دەکرێ‌و لەلایەکی دیکەش ئەو گومانە لە بیری ویژدانە بەخەبەرەکاندا دەخولقێنێ کە ڕەنگبێ لە ڕوانگەی ئەوانیشەوە گەلی کورد شیاوی ئەو جۆرە ڕەفتارە درندانەیە بێ کە لەگەڵیان دەکرێ، ئەگینا بێدەنگی‌و قروقپ‌کردنی ئەوان‌و لانەکردنەوەیان لە ئاست قەڵتوبڕو کوشتاری خەڵکی بێ‌تاوانی کوردستاندا، چ پاساوێك هەڵدەگرێ؟

ئێستا کە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی کوردستان‌و نەبوونی چاوەدێری نێونەتەوەیی‌و ڕێگانەدان بە سەردانی هەواڵنێرانی ئازاد بۆ کوردستان بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت‌و هەواڵ لەسەر ڕەوشی ناڵەباری گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، پێویستە هەموو حیزب‌و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان، هەوڵی خۆیان بۆ لەقاودانی جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان‌و ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان‌و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ چڕتر بکەن‌و لەسەر ڕووناکبیران‌و ئازادیخوازانی شۆڕشگێڕی نێوخۆیش، پێویستە پتر سەرنج بدەنە ڕووداوەکانی کوردستان‌و نەهێڵن خوێنڕێژەکانی کۆماری ئیسلامی وا بە سووك‌و هاسانی لە کوردستان تەراتێن بکەن‌و درێژە بە سیاسەتە نامرۆڤانەکانیان بدەن. ئەوڕۆکە ئەرکی وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران لە وەزعییەتی گەلی کورد لە ئێران‌و بەش مەینەتی‌یەکانیان لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پتر لەسەر شانی ڕووناکبیران‌و ئازادیخوازانی ئێرانی‌یە. ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی نێوخۆی ئێرانیش بانگهێشت دەکەین تاکو واقعبینانە سەیری ڕووداوەکانی کوردستان بکەن‌و ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان لەمبارە بەجێ بگەیەنن.

***

# دانیشتنەکانی دیمەشق و چەند قسەیەك

**هەژیر**

لەو کاتەوە ناوچەی دژە فڕین بۆ کوردستانی عێراق دیاری کراوە، هەرچەند وەخت جارێك، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئێرانو تورکیەو سووریە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر بارودۆخی ئەو ناوچەیەو پێکهێنانی پشێوی و چەند بەرەکی بە مەبەستی پێشگرتن لە پێکهاتنی کیانێکی سیاسیی کوردی، لە یەکێك لە پێتەختەکانی ئەو وڵاتانەدا کۆدەبنەوە.

وتووێژ لەسەر مەترسیی لێك هەڵوەشانەوەی عێراقو پێداگرتن لە سەر یەکپارچەیی ئەو وڵاتە، هەمیشە یەکێك لە بەندەکانی بەیاننامەی کۆتایی دانیشتنی وەزیرانی کاروباری دەرەوەی وڵاتانی ناوبراو بووە. ئەگەر ئەو وڵاتانە تا دوێنێ بە تەنیا کوردستانی عێراقیان وەك مەترسییەك لە سەر خۆیان دەدیت، ئەمڕو وڵاتی عێراقیش کە خەریکە بەرەو دیموکراسیو ئازادی دەچێ ـ شتێك کە ئەو وڵاتانەی زۆر نیگەران کردوە ـ وەك مەترسییەکی جیددی بە دژی خۆیان دەزانن.

هەربۆیەش لە دانیشتنەکانی پێشوودا تەنیا وەزیرانی کاروباری دەرەوەی ئەو سێ وڵاتە کۆدەبوونەوە، ئەمڕۆ تەواوی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتی هاوسنوورو جیرانی عێراق تەنانەت "میسر"یش بۆ ئەو دانیشتنانە بانگهێشتن دەکرێن. کۆبوونەوەکانی ئەو دوایانەی "دیمەشق"یش بە پێی بانگهێشتنو دنەی ئێرانو سووریەو بە بەشداریی وەزیرانی کاروباری دەرەوەی وڵاتانی عەرەبستان، ئوردون، کوێت، میسر، ئێران، تورکیەو سووریە لە پشت دەرگا داخراوەکانو بەبێ بەشداریی نوێنەری عێراق بەڕێوە چوو. ئەوە نیشاندەری نیگەرانیی بەرچاوی ئەو وڵاتانەو بەتایبەتی ئێران، تورکیەو سووریەیە لە هەمبەر ئاڵوگۆڕەکانی ئێستاو داهاتوو لە عێراقداو رەنگدانەوەیان لە سەر وڵاتانی ناوچەکە، ئەو سێ وڵاتە تا دووهەمین رۆژی دانیشتنی دیمەشق ـ کۆتایی موزاکەراتی رۆژی یەکەم ـ دژی بەشداریکردنی وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق بوون، تا لە نیهایەتدا لە ژێر فشاری زۆربەی وڵاتانی بەشدار رازی بە بانگهێشتنی ئەو وەزیرە کران. شتێك کە هۆیەکەی زۆر روونە، ئەویش ئەوەیە کە وڵاتانی ناوبراو نیگەرانی ئەوەن کە ئەگەر وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق بانگهێشتن بکەن ئەویش وەك کەسایەتی‌یەکی کورد بە مانای رەسمییەت پێدان بە ئەنجومەنی حوکمی عێراقە کە سەرۆکی ئێستای لە کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی کوردە و لە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمی عێراقە. ئەو وڵاتە کە بێ شك لە رێگەی بەشداریی وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراقەوە، چەندین پەیامو پێشنیاری بۆ کۆبوونەوەکە دەنارد. شتێك کە بۆ دەسەڵاتدارانی وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستاندا زۆر ناخۆش دەبوو. لە لایەکی دیکەوە ساتوسەوداو یەك هەڵوێستی لە سیاسەتو ئامانجەکانی ئێرانو سووریە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی شەڕی ٨ ساڵەی ئێرانو عێراقو هەروەها ئاژاوەگێڕی‌یەکانیان لە لوبنانو فەلەستیندا کە ئێستاش هەروا بە بەردەوامی درێژەی هەیە. ئەو دوو وڵاتە بە باشی ئەوە دەزانن کە لەوەبەدوا چیدی ناتوانن درێژە بە تەراتێنو دەخالەتەکانیان لەو دوو وڵاتە ئاڵۆزەدا بدەنو لە ناوچەدا بە شوێن شەڕێکی نوێدا دەگەڕێن تا لە ئاکامی مەترسیداری ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو بپارێزرێن. چونکە وەك دەزانین هەر دوو وڵات چەندین جار لە لایەن کاربەدەستانی کۆشکی سپی‌یەوە بە هۆی دەستێوەردانو ئاژاوەگێڕیو پەرەدان بە ناکۆکی‌یە گەلیو مەزهەبیو بە پشتیوانی کردنو رەوانە کردنی گرووپە تیرۆریستی‌یەکان بۆ خاکی عێراق وریا کراونەتەوە. تەنانەت یەك حەوتوو پێش بەڕێوەچوونی دانیشتنی دیمەشق دەوڵەتی ئەمریکا داوای لە ئێرانو سووریە کرد کە پێش بەو تیرۆریستانە بگرن کە لە سنووری ئەوانەوە دەچنە ناو خاکی عێراق. بە وتەی کارناسان یەکێك لە گرینگترین مەسەلەکانی جێگەی باس لەو دانیشتنەدا، مەسەلەی هاتنی کەسانی خاریجیو لایەنگرانی گرووپە توندرەوە ئیسلامی‌یەکانە لە رێگەی سنوورەکانی وڵاتانی هاوسێو بە تایبەت ئێرانو سووریەوە بۆ عێراق بوو.

هەرچەند دانیشتنەکانی دیمەشق لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بەڕێوەچوون، بەڵام بە وردی هەموو بابەتە باسکراوەکان، ئاشکراو بڵاو بوونەتەوە. بەڵام بە چاولێکردنی بەیاننامەی کۆتایی دانیشتنی دیمەشق، ئامانجەکانی پێکهێنانی ئەو دانیشتنانە زیاتر دەردەکەون. بە پێی راپۆرتی رۆژنامەی "زەمان" ئەو ماددەیە کە لە سەر داوای تورکیە لە بەیاننامەی کۆتایی‌دا گونجاوە، بێجگە لەوە ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی ئێستا لە عێراق دان، بە ئاماژە کردن بە هەموو ئەو گرووپانەی مەترسیبوون لە سەر وڵاتانی ناوچە، داوا لە ئەنجومەنی حاکمییەتی عێراق کرا، بە مەبەستی لەنێو بردنی ئەو مەترسییانەو پێشگرتن لە مەسەلەکانی سنووری لەگەڵ ئەو وڵاتانە هاوکاری بکا. بەو شێوەیە داوا لە ئەنجومەنی حوکم لە عێراق کرا بە مەبەستی سەرکوتی هێزە بەرهەڵستکارەکان هاوکاریی تورکیە بکا. هەروەها کۆتایی بە بوونی موجاهیدینی خەلق لە عێراق بێنێو هەروەها شەپۆلی توندوتیژیو تیرۆرەکانی ناو عێراقیان مەحکووم کرد. لە راستی‌دا گونجاندنی ئەو بەندانە لە بەیاننامەی کۆتایی دانیشتنەکانی دیمەشقدا زۆربەی چاوەدێرانی تووشی سەرسووڕمان کرد. چونکە هەموو کەس بە باشی دەزانێ ئەوانەی کە خەریکی کاری تیرۆریستیو پشتیوانیکردن لە تیرۆریستانن، تەواویان ئەو تیرۆریستانەن کە لە سنوورەکانی ئێرانو سووریەوە بۆ ناو خاکی عێراق دەپەڕنەوە، ئەوە سەرەڕای ئەو هاوکاریو ئاسانکاری‌یەیە کە ئەو دوو وڵاتە بۆ گرووپە توندڕەوەکانی عێراقیو لایەنگرانی سەدام ـ واتە ئەو کەسانەی زەمانێك دوژمنی سوێندخواردووی ئەو دوو وڵاتە بوون ـ دابین کراوە. بەیاننامەکە گەرچی توندوتیژی‌یەکان سەرکۆنە دەکا، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی بەو توندوتیژییانە نەکردووە تەنانەت وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران دوای دانیشتنی دیمەشق، مەسەلەی دەستێوەردانی ئێرانی لە کاروباری عێراقدا، بەتوندی رەد کردەوەو بە هەمان شێوە لە بەندەکانی ئەو بەیاننامەیەدا دەردەکەوێ کە وڵاتانی ناوبراو زۆر بێ‌شەرمانە داوا لە حکوومەتی کاتیی عێراق دەکەن کە بە جۆرێك سنوورەکانی کۆنترۆڵ بکا، کە گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ئەو رێژیمانە نەتوانن لە خاکی ئەو وڵاتەوە بێنە دەرەوە. هەرچەند مەبەستی وڵاتانی ئێرانو تورکیەو سووریە لە گرووپە تیرۆریستی‌یەکان رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتەجێ لە خاکی عێراقە، نەك ئەو گرووپە تیرۆریستی‌یانەی کە ئەمریکاو هاوپەیمانان باسیان دەکەنو لەوەش‌دا جێگەی شكو گومان نیە. بەڵام هەروەك هەمووومان دەزانین لە کاتی ئازاد کردنی عێراقەوە تا ئێستا، هیچیەك لەو وڵاتانە مەترسی تیرۆریستییان لەسەر نەبووە. لەلایەکی دیکەوە بە جێگەی ئەوەی کە ئەو وڵاتە خۆیان باری ئەمنییەتیی سنوورە هاوبەشەکانیان لە عێراق بەرنەسەرێ داوا لە حکوومەتی کاتیی عێراق کە لە هەلومەرجێکی تایبەت دایە، دەکەن کە ئەو کارە بکا. ئەوە لە حاڵێك دایە کە عێراق تا ئێستاش خاوەنی ئەرتەشو هێزی پێویست بۆ سەقامگیر کردنی ئەمنییەتی نێوخۆی عێراق نیەو ئێستاش ئورگانە بەڕێوەبەریی‌یەکانی ئەو وڵاتە پێك نەهاتوون.

❋❋❋

---

هاوڕێ تەیموور مستەفایی لە رێوڕەسمی کۆتایی دەورەی سەرەتایی‌دا:

# رێفۆرمخوازانیش گوێی خۆیان لە ئاست سەرکوتی گەلی کورد ئاخنیوە

## راپۆرتێك لە رێوڕەسمی کۆتایی‌هاتنی ١٥٢هەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە

دوانیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٨٢ی هەتاوی، پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان، دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەیان لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تەواو کردو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان لەبەر کرد. لە رێوڕەسمێكدا کە بە بۆنەی کۆتایی‌هاتنی ١٥٢هەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبدا بەڕێوەچوو، هاوڕێی بەڕێز تەیموور مستەفایی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، کاردو پێشمەرگەکانی فێرگەو دەیان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبو بنەماڵەکانیانو لاوانی بەشدار لە دەورەکەدا بەشدار بوون، کۆتایی هاتنی دەورەکە راگەیەندراو پێشمەرگە سەرکەوتوو و نموونەکان بە بەشدارانی رێوڕەسمەکە ناسێندران.

رێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی‌رەقیب" دەستی پێکرد. پاشان کاك تەیموور مستەفایی بەو بۆنەیەوە چەند وتەیەکی پێشکێش بە بەشدارانی رێوڕەسمەکە کرد.

هاوڕێ تەیموور مستەفایی لە سەرەتای قسەکانی‌دا، وێڕای ئیشارە بە نەمانی جیهانی دووجەمسەریو لێژبوونی جێگەی حکوومەتە دیکتاتۆرو ملهوڕەکان، باسی سەرهەڵدانو پەرەگرتنی رادیکالیزمی ئیسلامیو پەرەگرتنی تیرۆرو هەڕەشەی تیرۆریزم لە ئەمنیەتی جیهانی‌دا کردو بە هەڕەشەیەکی جیددیشی لە سەر بەرەی دێموکراسیو رەوتی دێموکراسیو دونیای ئازاد ناو برد. کاك تەیموور وێڕای ئیشارە بە رووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١، باسی ئەو گۆڕانکارییانەی کرد کە لە درێژەی شەڕ لەگەڵ تیرۆریزم لە جیهاندا روویان داوەو درێژەی ئەم شەڕو تەئسیرو کاریگەریی ئەو رەوتەی لە سەر داهاتووی ناوچەکەو وڵاتی خۆمانی بۆ بەشداران روون کردەوە.



ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب، لە درێژەی قسەکانی‌دا هاتە سەرباسی کۆماری ئیسلامیو گوتی: ئەم رێژیمە لە سێ‌میحوەرەوە لەگەڵ دونیای ئازادو پێشکەوتوودا لە دژایەتی دایە، یەکەم مەسەلەی هەوڵدانی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژو فشاری نێونەتەوەیی بۆ سەر ئەم رێژیمە بە مەبەستی پێشگیری لە گەیشتن بەو ئامانجە. دووهەم" پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ئەم رێژیمەو زیندانی‌کردنی دەیان رووناکبیرو رۆژنامەنووسو ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسیو . . . سێهەم" پشتیوانیی ئەم رێژیمە لە تیرۆریزم.

کاك تەیموور لە درێژەی قسەکانی‌دا وێڕای ئاماژە بەو فەرقو جیاوازیدانانەی کە بە پێی قانوونی ئەساسی ڕێژیم لە دژی خەڵکی وڵاتو نەتەوەو مەزهەبەکانی دیکەی ئێران بەڕێوە دەچن، هاتە سەر باسی کوردستانو گوتی: لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوت، ئەشکەنجەو ئێعدامی خەڵکی کوردستانو تێکۆشەرانی کورد تەنانەت رێفۆرمخوازانیش گوێی خۆیان لێ ئاخنیوەو پێڕاگەیشتنو باس کردنی ئەو مەسەلەیەیان لە بەرنامەدا نیە.

لە درێژە قسەکانی‌دا کاك تەیموور باسی شکستی کۆماری ئیسلامیی لە پەروەردە کردنی نەسڵێك کرد کە لە ژێر حاکمیەتی ئەو رێژیمەدا لە دایك بوونو ئێستا هەر ئەو نەسڵە لە بەرامبەری‌دا راوەستاوە. پاشان باسی ئەوەی کرد کە ئەو رێژیمە جگە لە ئێعتیادو بێ‌داهاتوویو چەندین دیاردەی دزێوی دیکەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم نەسڵە هیچ شتێکی دیکەی بە دیاری نەهێناوە.

دواتر بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانی‌دا ئیشارەی بەو راستی‌یە کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتادا زۆری هەوڵ دا کێشەی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا لە رێگەی وتووێژو ئاشتی‌یەوە چارەسەر بکا، بەڵام رێبەرانی ئەم رێژیمە هیچ کات ملیان بۆ ئەو داوایەی حیزب رانەکێشا، هەر بۆیە راوەستانو بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستانو حیزبی دێموکراتی بە ئەرکێکی پێویستو پیرۆز زانی.

بەڕێز مستەفایی لە کۆتایی قسەکانی‌دا وێڕای وەبیرهێنانەوەی هێندێك ئەرکو بەرپرسایەتیی سەرشانی پێشمەرگە، جارێکی دیکە پیرۆزبایی کۆتایی هاتنی دەورەکەی لێ‌کردنو سەرکەوتنی بۆ بەئاوات خواستن.

لەبەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا، یەکێك لە مامۆستایانی فێرگە راپۆرتی بەرنامەو کاروتێکۆشانی فێرگەی پێشکێش کرد. دواتر بەشدارێکی دەورەکە بە نوێنەرایەتیی لەلایەن هاوڕێیانی‌یەوە، پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکێش کردو لە پەیامەکەی‌دا، وێڕای ئاوڕدانەوەیەك لە وەزعییەتی لاوان لە ئێرانو لە کوردستاندا، سوپاسی بەرپرسو مامۆستایانی فێرگەی کرد بۆ هەوڵو تێکۆشانیان لە پێناوی پەروەردەکردنو پێگەیاندنی لاوانی کوردستان بۆ ریزەکانی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. پاشان هاوڕێیان کاك سەیدعەزیز نیکجوویانو کاك رەسووڵ ئیزەدپەنا، دوو کادری لەمێژینەی حیزبەکەمان، خەڵاتیان بە سەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد.

پێشکێشکرانی چەند گۆرانی بە هاوکاریی کۆڕی هونەریی حیزبو پارچە شێعرێك لەلایەن یەکێك لە بەشدارانی دەورەکەوە، نێوئاخنی رێوڕەسمەکە بوون.

❋❋❋

---

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 377 21 Nov 2003

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

# سەبارەت بە جینایەتی تازەی تیرۆریستان لە شاری کەرکووک



لە دواساتەکانی ئامادەکردنی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا هەواڵی تاوان‌و جینایەتێکی تازەی تیرۆریستان‌و دوژمنانی جێگیربوونی هێمنی‌و ئاسوودەیی لە کوردستانمان پێ گەیشت. بە پێی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکووکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کاتژمێر ١٠:٣٠ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٥ شەممە ٢٠٠٣/١١/٢٠، لە کردەوەیەکی تیرۆریستی‌دا ئوتومبیلی جۆری نیسان لە چوار ڕێیانی بەردەم بارەگای مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکووکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا تەقیوەتەوە کە مەزەندە دەکرێ زیاتر لە ١٠٠ کیلۆ tnt ی‌و گوللەتۆپی تێدا بەکار هاتبێ. لە ئەنجامدا بوو بەهۆی کوژرانی ٤ کەس‌و بریندداربوونی ٣٣ هاووڵاتی کورد و عەرەب‌و تورکمان کە بەشێکیان منداڵن‌و لە قوتابخانە گەڕاونەتەوە. ئەو تەقینەوەیە لە کاتێکدا ڕووی داوە کە قەرار بووە سەفیری واتیکان لەو ڕۆژەدا سەردانی کەرکووک بکاو مەترانی نوێی کەرکووک دەستنیشان بکا. هەرچی خەڵکی عێراق پتر لەو ڕۆژانە نزیک دەبنەوە کە دەسەڵات لە وڵاتەکەیاندا بە یەکجاری بکەوێتەوە دەست نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیان، تووڕەیی دوژمنانی جێگیربوونی ئاشتی‌و ئازادی‌و دێموکراسی لەو وڵاتەدا پتر دەبێ. ئەوان بە تایبەتی چاوی بەرقەراربوونی ئاشتی‌و تەبایی‌و ئەمنیەت‌و ئازادی لە کوردستانیان نیە، ئەو ڕاستی‌یەش کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراقدا کوردێک سەروکایەتیی ئەو وڵاتە دەکا، وای لێ کردوون هەوڵ بدەن کوردستانیش بکەن بە مەیدانی جینایەت خولقاندن‌و جێبەجێکردنی نەخشە تیروریستی‌یەکانیان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کردەوەی تازەی تیروریستان لە کەرکووک‌و هەموو جینایەت‌و کردەوە تیرۆریستی‌یەکانیان لە هەر شوێنێکی کوردستان‌و عێراق بە توندی مەحکووم دەکاو وێڕای ڕاگەیاندنی سەرەخۆشی‌و هاوخەمیی خۆی بە بنەماڵەی قوربانی‌یەکانی ئەو جینایەتە، چاکبوونەوەی هەرچی زووتری برینددارەکان بە ئاوات دەخوازێ. هەر لەو کاتەدا هیواداری دەردەبڕێ حیزب‌و ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراق‌و دانیشتووانی ئەو بەشە لە عێراق بە وشیاری‌و یەکگرتوویی خۆیان، پیلانی دوژمنانی ئاشتی‌و ئازادی‌و دێموکراسی لە کوردستاندا، بێ ئاکام بکەنەوەو پێش دووپاتبوونەوەی ئەم جۆرە کردەوە تیروریستی‌یانە بگرن.

# کۆتایی هاتنی چل‌و حەوتەمین فستیڤاڵی فیلمی لەندەن



چل‌و حەوتەمین فستیڤاڵی فیلمی لەندەن شەوی پێنجشەممە ٦ی نوامبر بە دوای پێشاندرانی فیلمی "سیلویا" کە "گوینت‌پالترۆ"، ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکایی بەشداریی تێدا کردوە، کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا. فیلمی "سیلویا" کە کریستیان جیفز، دەرهێنەری نیوزلەندی دروستی کردوە، چیرۆکی ژیانی "سیلویا پلاس"، نووسەرو شاعیری ئەمریکایی‌و زەماوەندی پڕگێرەو کێشەی لەگەڵ "تێدهیوز" (دانیل کریگ)، شاعیری ئینگلیسی‌یە کە سەرئەنجامەکەی دەبێتە خۆکوشتن. ئەم فستیڤاڵە ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبر بە پیشاندانی فیلمی In the Cut کە "جین کمپیون" دروستی کردوەو "مەگ رایان" بەشداریی تێدا کردوە، دەستی پێ‌کرد. لە دوو حەوتوو ماوەی فستیڤالەکەدا، ١١٥ هەزارکەس، ٣٥٠ فیلمیان بینی. ئەم ژمارەیە لەچاو فستیڤاڵی پێشوو، سەدی ٦ زیادی کردبوو. بلیتەکانی زیاتر لە ١٢٠ فیلم لەو ٣٥٠ فیلمە، پێش نیشاندرانی فیلمەکە فرۆشرابوون.

سینەمای ئێرانیش بە ٥ فیلمەوە لەو فسیڤالەدا بەشدار بوو. هەرچەند هێندێک لەو فیلمانە ڕەزامەندیی بینەرانیان کە زۆربەیان ئێرانی بوون، ڕانەکێشا. ئەو فستیڤالە بۆ بینەرانی بریتانیایی باشترین دەرفەت بوو کە جگە لە فیلمی دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی وەك "بێرناردۆ بێرترلۆچی" یا جین کومپیون، بەرهەمی بەنرخ، بەڵام نەناسراوی سینەمای جیهانیش کە تا ئێستا شانسی ئەوەیان نەبووە بە شێوەی گشتی نیشان بدرێن، ببینن.

ئەگەرچی لەم فستیڤاڵەدا پێشبڕکێ لە نێوان فیلمەکان بەڕێوە ناچێ، بەڵام لە پەراوێزی فستیڤالەکەدا چەند بنیاتی فەرهەنگی خەڵات پێشکێشی فیلمە هەڵبژێردراوەکان دەکەن.

ئەمسال خەڵاتی "سادرلەند" کە هەموو ساڵێ دەدرێ بە فیلمی ئەو دەرهێنەرانەی کە بۆ یەکەم‌جار لەو فستیڤالەدا بەشدار دەبن، درا بە فیلمی "ئوسامە" کە یەکەم فیلمی ئەفغانیی دوای ڕووخانی تالیبانە. "ئوسامە" لە لایەن سەدیقی بەرمەك دروست کراوە.

خەڵاتی "سادرلەند" ساڵی ١٩٩٨ پێشکێشی فیلمی "سێو" یەکەم فیلمی سەمیرا مەخمەلباف کرا.

# یەکەم ژمارەی "ئاگری" بەم زووانە دەردەچێ


agiri

بە ئاگاداریی هەموو ئۆگرانی بڵاوکراوە کوردی‌یەکان‌و هەموو ئەوانەی دڵیان بۆ پێشکەوتن‌و بەرەوپێشچوونی چاپەمەنیی کوردی لێ‌دەدا، دەگەیەنین کە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەنگاوی ناوە بۆ بڵاو کردنەوەی، ڕۆژنامەیەکی دیکەی کوردی بە زاراوەی کرمانجیی ژوورو و بە پیتی لاتینی‌و لەژێر ناوی "ئاگری"دا.

ئەم ڕۆژنامەیە بە شێوەی مانگانە دەردەچێ‌و نێوەرۆکەکەی (سیاسی - چاندی) دەبێ. بێ‌گومان ئەو بڵاوکراوەیەش، ئەو کاتە دەتوانێ جێگای ڕەزامەندیی زیاتری خوێنەرانی بێ کە لەلایەن خودی ئەوانەوە بە ناردنی بابەتی‌جۆراوجۆر، وەرگێڕان‌ونووسین یارمەتی بدرێ‌و هاوکاری لەگەڵدا بکرێ. لەو بارەوە چاوەڕوانی‌یەکی بەجێمان هەیە کە هیوادارین بێتەدی.

پێویستە بکوترێ کە یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە لە کۆتایی مانگی نوامبری ٢٠٠٣دا لە دەرەوەی وڵات بڵاو دەبێتەوەو لەسەر سایتی "کوردستان میدیا"ش دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران.

**لەگەڵ چاوەڕوانیی هاوکاری لە هەموو لایەك**

**کۆمیسیۆنی چاپەمەنی**

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**بەمەبەستی مەحکوومکردنی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ**

# کانادا گەڵاڵەی بڕیارنامەیەکی پێشکێشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد



دەوڵەتی کانادا بە دوای کوژرانی زارا کازمی، شارۆمەندی ئەو وڵاتە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی‌داو خۆگونجاندنی ئەو ڕێژیمە لە ڕاگەیشتن بە پەروەندەی ناوبراودا، سیاسەتێکی سەختگیرانەی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی گرتۆتە پێش. کانادا بە دوای بەشداریی چالاکانە لە ئامادەکردنی گەڵاڵەیەك بەمەبەستی مەحکوومکرانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی‌یەوە، ئێستا گەڵاڵەی بڕیارنامەیەکی بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە کردوە. ئەو گەڵاڵەیە خوازیاری مەحکوومکرانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە. هەواڵدەریی "ڕۆیتەر" لەوبارەوە ڕایگەیاند: "کانادا لە پێشنووسی ئەو بڕیارنامەیەدا ئێرانی بە سەرکوتی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، کەڵك وەرگرتن لە ئەشکەنجەو جیاوازیدانان بە دژی ژنان‌و کەمایەتی‌یە ئایینی‌یەکان تاوانبار کردوە. کانادا هیوادارە کاتێك کە ئەو گەڵاڵەیە لە کومیتەی مافی مرۆڤی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەکەوێتە بەرباس، وڵاتانی چێك، ئیسلەند، ئیرلەند، هولەند، پورتەغال‌و سوئێدو ئەمریکا پشتی بگرن. پێش‌بینی دەکرێ ژمارەیەکی زیاتر لە وڵاتانی ئوروپایی پشتیوانی لەو بڕیارنامەیە بکەن. ئەمریکاش ڕایگەیاندوە کە پشتی ئەو بڕیارنامەیە دەگرێ.

# زیاتر لە سەدی ٣٠ی تریاکی جیهان لە ئێران دایە






هەواڵدەریی "ئیسنا" لە زمانی سەرۆکی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌یەوە ڕایگەیاند کە سەدی ١٩ی ئەنباری هێرۆئین‌و مۆرفین‌و سەدی ٥ی ئەنباری حەشیشی جیهان لە ئێران دایە.

سەیدمستەفا سەیدهاشمی، نوێنەری مەراغە لە مەجلیس‌دا هەروەها گوتی: ئامارێکی ڕوون لەبارەی ڕادەی تریاك لە وڵاتەکەماندا بەدەستەوە نیە. بەڵام زیاتر لە سەدی ٣٠ی ئەنباری تریاکی جیهان لە ئێران دایە. ناوبراو لەبارەی ژمارەی موعتادانی جیهانەوە گوتی: لە ئاستی دنیادا زیاتر لە ٢٠٠ میلیۆن کەس موعتاد هەن کە ١٠ میلیۆن کەس لەو ژمارەیە بەکڕین‌و فرۆشتن‌و بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیرەوە خەریکن. قاچاقچی‌یەکانی ئەو مەوادده ساڵانە ٥٠٠ میلیارد دۆلار داهات‌و سوودی خالیسیان دەست دەکەوێ. ئەو ڕادە سوودە لە حاڵێك دایە کە داهاتی وڵاتێکی وەك ئێران بە هەموو سادراتی نەوتی‌و غەیرە نەوتیی خۆیەوە، ناگاتە ٢٠میلیارد دۆلار. سەیدهاشمی لەبارەی ژمارەی موعتادانی تەزریقی‌یەوە لە وڵاتدا گوتی: ئامارەکان نیشان دەدەن کە ژمارەی موعتادە تەزریقی‌یەکان لەچاو ساڵانی ڕابردوو سەدی ٣٣ بەرەو ژوور چووە، ئەوەش زۆر جێگای نیگەرانی‌یە. چونکە کۆمەڵی ئێمە گەنجەو نێونجی تەمەن ٢٤ ساڵەو زیاتر لە ١٧ میلیۆن کەس لە دانیشتووانی وڵاتی ئێمە لە خوارەوەی ١٨ ساڵن.

**سەرچاوە: سایتی "ایران امروز"**

# داستانی جیایی من **بەر لە ماڵاوایی**

# و خۆشەویستێك بە ناوی شێعر

ع. وریا

**ڕەشەمەی ئەمساڵ بێتەوە، دەبێتە ١٦ساڵ کە کۆترەکانی شێعر لە بانیژەی ژیانی من هەڵفڕیون. ١٦ ساڵە پەریی شێعر نەهاتۆتەوە ژووانم، لێم زویر بووەو نایەتەوە. ١٦ ساڵە خونچەکانی بەهرەم، نێرگزەجاڕی هزرو ئەندێشەم، مێرگی زەوق‌و ئاوەنیای خەیاڵم تامەزرۆی شریخەی هەوری شێعرو تینووی بارانی ڕەحمەتی شێعرن. ١٦ ساڵە بە ئاواتم جارێکی‌تر دەستەملانی بووکی شێعر ببمەوەو لە ئامێزی ئەفسووناویی ئەو شۆخە میهرەبانەدا، وچان بدەم. ١٦ ساڵە چاوەڕوانم موعجیزەیەك ڕووبدا، بەڵکوو ئەو خۆشەویستە ونبووەم بمدۆزێتەوەو دەستم بگرێ‌و لەگەڵ خۆیدا بمباتەوە جیهانە جوانەکەی جاران . . . بەڵام سەد مخابن نایەتەوە.**

**بەتەنیا جێم مەهێڵن ئەمشەو زریان دەمچێنێ**

**تەم‌ومژ دام دەپۆشێ، مانگەشەو دەمڕفێنێ**

لەگەڵ میوانان‌و بەشدارانی کوردو عەرەب‌و ئەم دیوو ئەودیوی حەوتەمین فستیڤاڵی فەرهەنگی ئەدەبیی گەلاوێژدا، ڕێگای هەڵەبجەمان گرتۆتەبەر. چەندەم پێ‌خۆشە کە زیارەتی مەزاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕیزی بەرنامەکانی فستیڤاڵدا گونجێندراوە. بەمە ئاواتێکی لەمێژینەم دێتە دی‌و جارێکی دی هەڵەبجە ـ ئەویش بە دوای ڕزگاریی خۆی‌و کوردستان‌و لەگەڵ نزیکەی سەد ئەدیب‌و شاعیرو هونەرمەندا ـ دەبینمەوە. دواجارو یەکەم جار کە ئەم شارەم بینی، نێوان پووشپەڕو گەلاوێژی ١٣٦٥ (١٧ ساڵ لەمەوبەر) بوو. هەر بەم ڕێیەدا، بە تەنیشت "ئاوە ڕوونەکەی سەرچاوەی زەڵم" بە سەید سادقدا، هاتینە هەڵەبجە. لەوێشەوە دوای کورتە وچانێك سەفەری هەورامانمان کردو لە گەڕانەوەشدا، شەوێك لەو شارە ماینەوە.

چاو بە دیمەنە پاییزی‌یە جوانەکانی ئەم ناوەدا دەخشێنم، بەڵام خەیاڵ‌و بیرم لای ئەو ڕۆژەیە کە بۆ یەکەم جار ئەم شارەم بینی. کێ دەیزانی ساڵ‌و نیوێك دوای ئەم ڕۆژە، ئەم جوانە سادەو ساکارەی لە ئامێزی "بالامبۆ"و "شنروێ"دا ئۆقرە گرتوو، ئەم گشتە دارستان‌و نارستانە، ئەم هەزاران ژن‌و پیاوو کچ‌و کوڕو منداڵەی لێرە شاهیدییان بۆ جوانیی ئەم نیشتمانە، بۆ بێ ئازاریی میللەتێك، بۆ زەحمەتکێشی‌و زۆرلێکراوی‌و بێ‌بەشیی گەل‌و نیشتمانێك دەدا، لە چرکە ساتێکدا ژاری مەرگیان بە گەروودا دەکرێ‌و تۆزی لەنێوچوون‌و ماتەمێکی هەتاهەتاییان بەسەردا دەبارێنرێ. کێ دەیزانی ساڵ‌و نیوێك دوای ئەو ڕۆژە، هەرچی ڕوح دەبەرو زیندووی ئەم ناوەیە، لە کۆرپەی بەرمەمکانەوە، تا ژنی دووگیان، لە بووك‌و زاوای تازە بە ویسالی یەك شاد بووەوە بگرە تا پیرە پیاوو پیرە ژنی سەدان ئەزموون لە ژیانی تاڵ لە هەگبەی بیرەوەری‌دا هەڵگرتوو، لە پەپوولەی سەر بەرگی گوڵ، لە بولبولی سەر چڵی دارو لەکەوی چیاکانی بەرامبەر شارەوە بگرە تا دارو باغ‌و گوڵ‌و کانی، گشتیان دەکرێن بە ئامانجی شەرماویترین‌و وەحشیانەترین جینایەتی سەردەم؟ کێ دەیزانی بەو زووانە هەڵەبجە دەبێ بە بەڵگەی مەزلوومییەتی نەتەوەیەك؟ دەبێ بە پەڵەیەکی ڕەش بە تەوێڵی جیهانی خۆ کوێرو کەڕ کردوو لە ئاست مەرگەساتی بێ‌بڕانەوەی گەلێکدا؟

دەڕوانمە دیمەنە پاییزی‌یە جوان بەڵام خەمینەکانی ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگا. دەشتی شارەزوور، بەو هەمووە سەرزەوی‌و ئاوەدانی‌یەوە، بەو چیاو بەرزایی‌یانەی دەوریان داوە، بە هەڵکەوتی سەید سادق لە پەنا چیایەکدا، کە هەر لە "کلکەی خانلەر" دەچێ، دەشتی شنۆم دێنێتەوە بیر. بەڵام دەستبەجێ دەچمەوە سەر درێژەدانی ئەو بیرەی بە خۆیەوە خەریکی کردووم. ئەو تابلۆیانەی لەبارەی کارەساتی هەڵەبجەوە لە مێشکمدا هەن، وێنەی عومەری خاوەرو کۆرپەی باوەشی‌و دیمەنی تەرمی خەڵکی بەکۆمەڵ کوژراوی ئەو شارە لە کۆڵان‌و بەردەرك‌و ناو ماڵی خۆیاندا، "بە تەنیا جێم مەهێڵن"ی ڕەفیق سابیرم دێننەوە بیر، "١٦ی ٣ی" شێرکۆ بێکەسم لە گوێدا دەزرینگێننەوە. بەم "١٦ی ٣"ی‌یە، یادی دابڕانی ١٦ ساڵەی خۆم لە شێعر نووسین دەکەمەوە. وەبیرم دێتەوە، ئەوکات کە هەڵەبجەو لەگەڵ هەڵەبجەدا هەموو کوردێکی شەریف‌و نیشتمانپەروەرو خاوەن هەستی ئینسانی، لە سێبەری دیکتاتۆری عێراقدا شوومترین ڕۆژی مێژووی میللەتەکەیان بە خۆیانەوە دیت" ئەوکات کە دوای چەند ڕۆژێك بە قووڵایی‌و بەرینایی ئەم کارەساتەم زانی، هەرچی کردم نەمتوانی دەردو ئازاری ئەم خەفەتە بکەم بە شێعر. نازانم من شاعیرێکی بێ‌دەسەڵات بووم کە نەمتوانی ئەو تێراژیدی‌یە بکەم بە هەوێنی شێعرێك، یا خەمەکە هێندە گەورە بوو، لە شێعردا جێی نەدەبۆوە؟ لەگەڵ لۆمەو سەرکۆنەی خۆم بە بۆنەی ئەو بێ‌توانایی‌یەم، بۆیەکەم جار چەخماخەی وەڵامی ڕاستەقینەی ئەو پرسیارەم بە مێشك دادێ کە بۆچی ١٦ ساڵە لەگەڵ شێعر لێك زویرو نەبانین.

من‌و شێعر لەوکاتەوە کە هەڵەبجە لە نێو ژاری سیانیدو خەردەلدا خنکا دەستمان لە یەکتر بەرداوە. شێعر هەقیەتی دڵداری لەگەڵ شاعیرێکدا نەکا کە نەتوانێ بیکا بە خەمینترین‌و هەژێنترین لاوك بۆ دەربڕینی گەورەترین خەمی میللەتەکەی. شاعیریش هەقیەتی مەیلی ئەو دڵبەرو خۆشەویستەی بنێ کە لە تاڵترین ساتەکاندا، نەیەتە ژوورسەری‌و کۆڵی دەردو ئازارە پشت شکێنەکانی لەگەڵدا هەڵنەگرێ.